# Roj A ME

GOVAR...H3...1+1



”ناما مه بۆ كومەلگەهێ
وەك وى مروڤييه
يێ لناف تاريياتيێ دا برێڤه دچت
هەر وەكو لبەر چراێ رۆناهيێ”...

" نەمر بارزانى بنگەهێ هزرا نەتەوایەتییا گۆڤارا ( ڕۆژامە ) یە

و سەردێرێ نڤێسینا ئایندێ نەتەوا مەیە

لەوڕان ئەم دیموکراتن و دیموکراسیێ پەیرەودکن...."



**خودان ئمتیاز و سەرنڤیسەر:** دلێر دلێرین.

**شێوەرمەند:** کەرەم سەرهاتلی .

**وێژە و هزری ولاتین:** کوڤان سندی & د.جاسو وسمانوف وەزیر .

**زمانڤانی:** د.دلبرین عبدالله .

**هاریکارێ نڤیسەری :** ئارمانج زاخۆ & دلشاد حاجی & دانەر زاخۆ .

**شوینەواری :** سامی رپێکانی.

**راگەهانکارا رۆژێ :** میدیا شرنەخی & میدیا حە مید .

**وێنەساز :** ئەیوب خان .

**وێنەگر :** ئەحمەد مامزدینی & زیزو مامزدینی .

**وەرگێر:** چیمەن نەصیر & قادر ئاکرەی
نیدا هەرکی & غەریبا زەکی .

**راگەهاندنا شاران:** ئاخرەت حەمید ، ئادار نذیر ، ئحسان سەردار، ئیمان زەعیم ، ئەحمەد بەرگارەی ، هوکر محمد ، هێژا خالد ، هوزان خالد ، هەڤال سندی، پەروین دهوکی ، عمران هەرکی ، کاوار هەرکی ، کوڤان قادر ، کوڤان هەرکی ، خاتوون هەیبەت ، محمد گوهدار ، مەروان محمد ، مونا رپێکانی، مینێ بامەرنی ، نیرۆز میرانی ، نیوار ئیبراهیم ، نوژین عابد ، سولین حەسن، سیلاڤ حەسن ، سەلام گوهەرزی ، سولاڤ بامەرنی ، سە رکو ئاکو ، شەهلا حسێن ، شاهر کەلەکچی ، فەژین جوهر ڤینواردهوکی ، رپژین حکمەت ، نورهان عثمان.

-ژیانا رۆژێ هەمی ئاگرە . لەورا دڤێت هەردەم بگەرم و گوربی تا بدروستی ببیە لاوێ رۆژێ و لایەنگرێ فیلوسوفیا مە... ئاگرن....0=1+1..

## پێرست:


| | | | |
|---|---|---|---|
| -0 | پێشنفیس | ............... | 5 |
| -1 | گیان و سروشت.. | دلێر دلێرین. | 6 |
| -2 | دیموکراسی له کۆنتیکستوالیزاسیۆنی فەلسەفەی کۆمەڵناسی.. | د.شەونم یەحیا. | 10 |
| -3 | قازی محەمەد لەنیوان دیدی ئاینی ونەتەوەییدا.. | د.سوزان کریم. | 18 |
| -4 | کەرکوك دبەلگەنامێن عوسمانیاندا.. | ڤ.کەرەم سەرهاتلی. | 26 |
| -5 | پێگەی دیاریەکر له دەولەتی عوسمانیدا.. | پ.د. سعدی هاروتی. | 30 |
| -6 | هوکاری رووخانی ماد.. | ئاکو محەمەد میرزادەی | 38 |
| -7 | کوردستان لاندکەی شارستانی.. | هوگرپیرداود غەمان. | 46 |
| -8 | سێگوشا بەرمودا.. | فەکولین. | 52 |
| -9 | سیاسەت.. | خاتون هەیبەت. | 58 |
| -10 | بووچوون دەربارەی هەرەشێن ئەمەریکا وئیرانێ.. | فەکولین. | 60 |
| | -ئالێکس وارد & ئاتوسا تەهرانی & مؤيد طيب | | |
| -11 | حکومەتا نوو.. | نفیسار. | 68 |
| -12 | جڤاتا گوڤارێ.. | پەیام. | 70 |
| -13 | ژیاناما رۆژبین کزل.. | دیدار. | 76 |
| -14 | پەیرەوێ پەروەردێ لهەرێمی.. | نوژین عابد. | 78 |
| -15 | ئدریس جان. | شێخ جیهاد بارزانی. | 80 |
| -16 | زەینەب خان. | د.عەبدوللا زەنگەنە | 81 |
| -17 | کوخەکەم لەمبەر دەریاچەکە.. | بوغاری وشیار | 82 |
| -18 | خودێ تو چەوانی..!! | نیرۆز میران . | 84 |
| -19 | کورتە چیروك چیە؟.. | محمد رەزای دارکولی. | 85 |
| -20 | شەیتانی چ گوت؟.. | .1+1. | 89 |
| | Kovan sindi | 21-Fîlosofî cîye? | 100 |

**پێشنڤیس:**

**ئەم نەشێن مرییان ژگوڕان بینن دەر بەلێ ئەم دشێن زیندەیان بمرییان ڕا پەسنبکن ئەگەر بۆ مرنێ بژین لەوڕان ئەم نابن وێنە تا ڕاوستن و نەلڤن بەلکو دێ بن ڕۆژ دا نەبتەنێ ڕوناهی وتیشکا ڤەدن و سەپاندنا هزرا تاریك پەرستیێ نەهێلن بەلێ داكو رەشبینی وتاریكیێ ژی بكن بنگەهەك فیلوسوفی ئەوژی كو مەبەست "ئەم لناڤ نەدیتنێ دا ژی دەربكەڤن" ....تارییاتی ژی بۆ مە هەر ڕوناكییە .**

**مروڤان ژیانكرنا خوە بگری وخەمباریێ دەستپێكر كۆ مەبەست هەر ئەوە (ژین خەمباری وخەمناكییە خوە ئەگەر لكیش بەهشتێ ژی بن) چنكو مەبەستا بوونامە و بێ خودانییا ژیانا مە ئەم بۆ هەر و هەر سەرمەست كرن. هزرا مە بۆ كومەلگەهێ وەكی وی مروڤی یە یێ لناف تاریاتییێ دا ڕێڤە دچت هەر وەكو ل لبەر چراێ ڕوناهییێ، ئەگەر هزر تاریك بوو تو نەبتنێ لبەر ڕوناهییێ بچی بەلكو لبەر ڕوناهییا ڕوژێ ژی بچی چ نابینی ، دیتن نەبتەنێ پێتڤی ڕوناهییێ یە بەلكو پێتڤی بهزرا  ڕوهنە تاكو ئەم بشێن هەمی دیتنا ببینن دڤێتن ئەم هزرا خوە بۆ هێز و فەلسەفا تیشكێن ڕوژێ ڤەكن ژبەركو بباوەرا مە "مروڤ پێناسەیا سروشت وگەردوونی یە و تاكە بوونەوەرە ل سروشتی دگەهت وددتە ناساندن" ، هەر مروڤەك بڕوانگەهەك جودا سروشتێ ژینێ پێناسەدكت و دیسان هەر مروڤ بوونە شییاینە گەل نیشتیمانێ خوە پێناسەبكن و پێشدابن، باشە ئەرێ گەلو پێناسەیا كورد وكورد بوونێ چیە؟ ئەم ناسناما خوە ژكیڤە بینن ؟ یەكبوونا مە لكیڤەیە ؟ د چ بنەما و ڕێبازدانە؟ ئەم بخوازن یان ئەم بخوە نیشتیمانێ خوە دروست بكن و دانپێدانێ ب هەبوونا خوە بكن؟...بباوەر و بوچوونا هندەك كوردان وەلاتبوونامە نامووییە!!.**

**كێشە ئەوە كورد باس ل یەكگرتنێ دكن بەلێ یەكگرتن نەكرن كریار و ڕێباز و پەیرەو نەكرن ئەڤەژی بۆ ئەوێ تولەسەندنێ ڤەدگەرت یا هزاران ساڵە ژلاییێ داگیركەرانڤە ناغ وپەروەردا كوردی لهەمبەری نەوشیاری هزری و نەتەوەی گەشەكری وتێگەهێ كوردان لهەمبەر جیهانا هوشیاری یا سیاسی و هەستا نەتەوەی وێرانكری وچەسپاندی ، هەلبەت مەشییا داگیركەران ژبەشەك خاكا خوە ڕزكاربكن لێ هزر و پاشماوێن هزری یێت وان مان ئانكو ل كوردستانێ هندەك ژكوردان بەس بزمانێ كوردی دئاخڤن وەكی دی پەروەردا وان بیانی یە لەوڕان دڤێت ئەم ڕاشكاوانە و ئاسودەی لهەمی كونج و لاتێن مێشك و بیرا تاكەكسێ كورد بدن هەلكولاندن و فولكلوری بكن بنگەها فیلوسوفیا خوە و وێ هەستێ بكن دسەریدا كو یێدی "كوردبوون نە گوتنن"چنكو دیارە مە دەولەتەك یاسای نینە لێ نە كێشەیە بەلكی مەدەولەتەك هەیە دهزر و راستیدا ئەم یەكن وگەورەنە وخودانێ دیروكەك هزاران سالانن لەوڕان هەر ئەڤە ژی دێ بتە ئەگەرێ سەرهەلبوون و ژبنبرنا سنورێن دەستكردی یێن بتێل وسیمێن یاسایێن گەمارگرتی لسەر كوردا سەپاندین كەواتە سروشت خوە دگوهڕتن وهەر تشتێ دسروشتی داژی هەر دهێنە گوهوڕین ...نها ناسناما مە ئەرد و زمانێ مەیە ژئەڤرو پێدا ئەم دەولەتەكن و ئەم دێ دانپێدانێ بخوەكن نە چ كەس لەوڕان دئەڤێ هژمارێ دا دێ جەختێ ل سەر هندەكا ئەڤان بنگەهان كن.**

**دلێر دلێرین**

**2019/9/9 ...KURDSTAN – ZAXO**



(گیان و سروشت)..

## "دلێر دلێرین"

" چاندنا نەریتێن سروشتی لناڤ دیاردێن زکماکییێن جانداران".

جاندار ب توخمێن لەشێ خوە ڤە ب هندەك بنگەهێن نەژادی و پەروەردا سروشتی ڕەفتارێ لگەل دەم و كاودانێن ژیانێ دكن، هۆسا ئەڤ لەشە د بناغا خوەدا دبتە خودان پەیرەوەك(ڤێركاری و زكماك)ی بۆ ژیانكرنێ، بتایبەتی ئەم دشێین بێژن " زاڵبوونا نەریتێن سروشتی ل سەر دیاردێن زکماكییێن گیانەوەرا و مرۆڤان".

د سروشتێ ژیانێدا هندەك دیاردە هەنە و ئەم دشێین بێژین "نهێنییێن سروشتی" و ئەڤ نەپەنییە گشت بوونەوەران نەچاردكت ب (حەزێن ڤالە ) و (پر هەست) بهێن د ژیانێدا و بەردەوام بۆ داگرتنا هەست و حەزێن خوە یێن زکماکی تێبکوشن ، ئەڤجا ب هەر بەهانەیەكێ بت، لەورا هۆسا " دەم دبتە خوەستەكا بدەستڤەئینانا هەست و هیڤییێن ئەوان و ئەرد ژی دبتە مەیداناخەباتێ بۆ گەهشتنا حەزێن ئەوان "، ب مخابنیڤە هەر ئەڤ دیارد زكماكییە كو دبتە ئەگەر ل دەمێ یەكەمین جار گشت بوونەوەر چاڤان ل وێنەیێ ژینێ ڤەدكن، خەباتا ئەوان یا دەستپێكێ دبتە ئەڤ چەندە، ل ڤێرێ دەستپێكا ئافراندنا هەمی ئارمانج ونهێنییانە.

ئەرێ ما نەخاپاندنە؟ "ئەم هەردەم خوە بۆ ژیانێ بەرهەڤدكن، دا باشتر بژین، لێ ژیان مە بەرەڤ مرنێ ڤە دبت!!" ئەڤە پرتەك بچویكە ژ ڕوییێ ڕاست یێ ژیانێ، ئەو ژیانا كو لبەر مە وەكی بازنێ یا گروڤر و یا مە هەردەم هەوڵدای دەستپێكا بازنێ دیاربكن، لێ بتنێ د ئەڤێ دیاركرنێدا ئەم ل دوور خوە دزڤڕاندن و دەم هەمی دچوو، هەلبەت د ئەڤروكەدا ژبەركو ئەم هۆشدارن و دشێین ل سەر ئەڤان بابەتان براوەستن و ئێك ب ئێك ڕاستییێ بدن ڕوییێ ژیانێ و ژیانا ڕاستەڤینە بدن ناساندن و ل هەبوونێ بگەهن، ئەو ژی ژیان ئەم بخوەنە، چنكو ئەم یێن دژین نە داكو "حەزێن زكماكی دابگرن، بەلكی دا نهێنییا ئەڤان حەزان بزانن و بدن دیاركرن ".

ژیان مە ب ئەوێ چەندێ پەروەردەدکت کو " هەبوونا مە یا مرۆڤی سەیر نینە، بەلێ مرن مەندەهوشییە" ئەڤە یەك ژ گەلەك سەردابرنێن سروشتینە لگەل هۆشداران، ئەوژی کو "ژیان و هەبوون"نەپێدڤی بوویە، بەلکی "مرن " پێدڤییە، لەوڕا ئەڤ ترس و سەرسۆرمانا ژ مرنێ ژی بۆ مە هاتی، بەرسڤەکە سروشت ددتە مە، کو مە مرۆڤان بوونا خوە یا دەستپێکێ وەك پێدڤی ناسنەکربت، ئانکو دەمێ گیانێ کەسەکێ سروشتێ خوە ژدست بدت و دمینت بێ لەش، کەسێن زیندی باجا ئەڤێ نەزانینێ ب گرییێ، ترسێ، خەمناکی و خەرییبیێ ددن، ئانکو د تێگەها مرۆڤایەتیێیدا " ترس ژ مرنێ، مەزنترە ژ مرنێ " ، بەلێ ئەوکەسێن ب نهێنییا ئەڤێ چەندێ گەهشتین مرینە.

نەپەنییێن سروشتی و دیاردێن زکماکی ژ حنێرێن ئەزداینە و چاندینە ، بێیکو مرۆڤەك بهێت خوە بکت خوەدی ل ئەڤێ مژارا سروشتییا نەدروستکری و لێ سوار ببت و بکتە دەستوورەك دروستکری، ب بوورینا دەمی گەلەك مرۆڤان ب مەرەم و مەبەستێن جودا ئەڤ نهێنییە بۆ ئەردی کر پەیام، داکو خەلکی د بەرژەوەندییا تێگەهێ خوەدا بکاربئینن، هۆسا ئەو شیان چەمك و تێگەهێن سروشتێ ژیانێ بەرەڤ خوەڤە ببن و بکنە یاسایەك دروستکری ژ داهێنانێن دەستکەفتێن خوە، هەلبەت ئەڤ چەندە دیاردەیەك هندە کەڤنارە و لگەل هاتنا مە بوویە، بەلێ بێئاگەهبوون و نەهشیارییا زێهنیەتا مرۆڤان تا کو شیاین سروشتی بخوینن و ل ناڤا خوە بکن داهێنانەك کو بۆ ئەوانا یا نوی بت، بێیکو بزانن ب ئەڤێ داهێنانێ دژین و بێن پەیدابووین و لگەل هاتنا ئەوان بوویە.



ژیان ئەوە " هەر کەسەکێ بڤێت ببت چ ئەوە و کیڤە بچت ل وێرێیە، چنکو هەمی تشت ئێك تشتە، ئانکو ئەمن ژیان و هەرتشت ئەمن "، ژ یاسەیەکا دیبا گرنکا هەبوونا "زیندەوەرێن سروشتی" ئەوە کو دەستپێکا ئەوان ژ دڕندەیێ ئاڤەرییە و مرۆڤێن ئەڤی چەرخی ئەڤێ دڕندەییا گیانەوەرییا دێرین ب بوورینا دەمێ تەمەنێ خوە، ب شێوەیێن جودا ژ یێن بووری ئەنجام ددن و د نهادا ژی مرۆڤ هەوڵان بۆ خورتبوونا مرۆڤایەتییەك بێ سنوور ددن، بەلێ ژبەرکو دوماهیکا ئەوان ل سەر ڕوییێ زەمینی هەیە، چ بەردەوامی ل سەر ڕێککەفتنا پێکڤە ژیانەك ئێکسان نینە و نابت، ئەڤە تاوانا مرۆڤان نینە، بەلکو سروشتی ئەڤ یەکە ب بالێ خوەڤە گرتیە و هەر ل دەستپێکا ئێکەمین تۆڤە نفشێ بوونەوەرێ ل سەر ڕوییێ ئەردی بوون بۆ پەیدابووین و هەناسە کێشای یەکسانی لێ نینە، بتنێ ڕێژەییە، ئانکو شانە وجیناتێن خرابییێ لسەر ئەردی

پتر زاڵن ژ بێن چاك و باشییێ و هەردیسا جینەتیكێن خراب د ناڤا سروشتیدا كەڤنتر و پترن ژ بێن چاك و ژبەری ئەوان هەبوونە.

## گیان و سروشت:




مرۆڤ دژیانێدا

بوونەوەرەك مەرەڤدار وشێتە،

هەردەم ب دەڤەك كەنی دەربڕینێ ژهەبوونا خوە یا ژ

نشكڤین هاتی د سروشتیدا دكت،

دبینت كو هزردارە،

لێ نەزانە دبیركرنا ڕاستە ڕاستدا،

چنكو ئەو كەلەخێ بۆ هاتی بەرگكرنێ، نەئەوە

لێ ژبەركو دهزرت ئەوە

دەمی ب ئەز و ئەزكرنێ ڤە دبوورینت...

نەبوون و هەبوون بوونە ئێك، وێنەیەك لەشی بۆ دەمكی ب زیندی هات هەبوونێ، لەشەك سازدان و دیرۆك بۆ مرنێ پەیداكر، گیانەك نەی بۆ وێنەك بوونەوەرییێ بیانی هات د ناڤ سروشتیدا ، هۆسا"ناخ و لەش" هەردووكان زادەك هۆشدار ب مەرە ما هەر و هەرێ دامەزراند و هەر ژ هەبوونا خوە یا چاڤەڕێنەكری و نە هایدار تا ئاگەهییا بوونێ و هۆشی لێ گەهاندی ڕادەیێ ئەزاتییێ و د هوندرێ خوەدا بوو زاد.

هۆسا هێدی هێدی ناخی خوە ڕێكخست و دەمی دەستپێكر "ڕەش و سپی" پێكڤە پەیدابوون، تاكو زادی پرس ژخوە كرین و هاتی گۆتن: ئەم هەر سێ كینە؟ ئانكو (خودان گیان و لەش )، ب ڕاستی سە یرە (بەرسڤ ئەڤێ پرسێ ژخوەبكت !)، ئەڤا كو جارا ئێكێ ڕوویدای، ل دەستپێكێ پرس نەبوو، بەلكی د ناخدا پەیرەو بوو، لێ ژبەركو ترس بوو ئەگەرێ هشیارییێ، هۆسا خوە گەهاندە خانا هەبوونێ و بێسەرووبەرییێ د ناڤ ژیانا مرۆڤاندا ڕویدا، چین و پیرۆزی دامەزراندن و شەیتان پربوون، ئەڤ چەندە هەلبژارتنا مە یا ڕەسەن نەبوو، بەلكو ڕویدانەك بوو ژ یاسایێن خوەرستی و تێگەهییێن گیانەوەری د ناڤ مروڤاندا و تانها بە ردەوامە . گیان ل ناڤا سروشتی ب بەرگێ سروشتی هاتیە داپوشین و بەرگكرن و ب وێنە و ڕۆخسارێن خوەرستی ل سەر زەمینینە، لەوڕا ئەم وێنەیەكین ژ گیانی، ڕەنگڤەدانا وێنەیی ل سەر ناخی ئەگەرە كو مرۆڤ ل دویڤ ڕۆخساری ل دیمەنێن دەمكی و نەهاتی

ب ئێك كەسایەتی و ڕوی ل ناڤ ڕۆژ و دەمێن ژهەڤجودا و دویر خوە بۆ تێگەهشتنا ناخێ خوە بدت پێناسەكرن، كو هەر ئەوێ دروستە، یێ بووی ئەو، لێ د ڕاستیدا وێنە و ڕۆخسارێن مە بەلگە لسەر ناسناما كەسایەتی و ناسكرنا بوونا مە یا مرۆڤی نینن، چنكو ئەم د ئێك ڕۆخساردایینە، بەلێ فرە كەس و بوونەوەرەك نەناسن.

## -ئێكەم خەمناكی یێ دگەل پەیدا بوونا ژیانا مروڤی:

ئێك ژ نە ئارامییێن دەروونی ئەوە كۆ ئەم نە ب خوەستەكا خوە بووینە (مرۆڤ، بوونەوەر، وێنەیێن ڕۆخساری و مرۆڤی و جهێ جوگرافییێ ژیانێ).

ئەڤێ چەندێ كاریگەری ل سەر مرۆڤان هەیە و ئەگەرەكێ دی یێ سەرەكی و هاڤیبوونێیە، دیسا ئەگەرەك دی ژی ئەوە، ل دەمێ مرۆڤ بگریڤە ژدایك دبن، دەوروبەر و مرۆڤێن مە ئەڤێ نهێنییێ نزانن و تێناگەهن كا چ ما ل دەمێ ژدایكبوونێ مرۆڤ دگرین، لەوڕا ئەو ب هاتنامە یا بگریڤە شاد دبن و دكەنن، بەلێ ئەڤ سروشتێ خەمۆكییێ دەستپێكا خالا ڕەشبین و دلگرانییا ناخێ مە نیشا مە ددت و ڕوییێ ڕاستەقینە یێ ژیانامە پێناسەدكت.



ئەڤ چەندە لگەل مرۆڤان مەزن دبت و هێشتا ئەو سروشتێ خەمۆكی ئەوێ (دەستپێكێ بگری و هەبوونا نەبئاگەهـ)ی بوویە پالدەرێ هەبوونا ئەمێت " مرۆڤێن بیانی" و نەناسكرنا "جانی"،هەلبەت ئەم ژ ئەڤی سروشتی بێ ئاگەهـ و نەزانین، ژبەركو هەبوونا مە لسەر مە بێ بڕیارە و ئەڤ یەكە گەلەك جاران د ژیانا هەرئێك ژ مەدا ب ڕێژەیێن جودا دهزراندا دبن پرس، ئانكو بتنێ مە خوە لگەل سیستەمێ سروشتی یێ دەم، ژینگەهـ، جهـ و جەستەی ڤە گونجاندیە وخوە ب بێ باوەرییێ ڤە باوەرداركریە، كو ڕێكخستنا سروشتی سیستەمەكە لگەل ناڤخویا مە یا بوونێ ب تەمامی دگونجت، چنكو " بێیكو ئەم فێری ژیانێ ببین، ئەم ژیاین"، بەلێ هەرمرۆڤ باجا ئەڤێ چەندێ د ژیانا ڕۆژانەدا ب خەم ڤە ددت و هەبوونا مرۆڤەكێ ئارام و دروست و نموونە ب زەحمەت دبت.



## “دیموکراسی لە کۆنتیکستوالیزاسیۆنی فەلسەفەی کۆمەڵناسی”

شەونم یەحیا / دکتۆرا لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی زانکۆی سۆربۆن..

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، چەمکی دیموکراسی و ماهیەتی دیموکراسی بەپێ قۆناغەکان و زەمینەی دروستبوونی لە کۆمەڵگەی کوردیدا و جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات لە نا دیموکرات ، سیستەمەکانی ئەنتی دیموکراسی و گرفتەکانی ، ئاراستە فکرییەکانی دەربارەی دیموکراسی لە کۆنتیکستوالیزاسیۆنی فەلسەفەی کۆمەڵناسیدا شیکردنەوەیان بۆ دەکەین.

لەرووی میتۆدۆلۆژییەوە پشتمان بە میتۆدی مێژوویی و شیکردنەوە و بەراودرکاری نێوان ئاراستە فیکرییەکان لەبارەی دیموکراسیەوە بەستووە .

ئەمرۆ مانای دیموکراسی لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆردرێت و بۆیە هەر ئەکتەرێکی کۆمەلأیەتی پێناسەیەك یاخود ماهیەتێك دەدات بە ناوەرۆکی ئەم کۆنسێپتە ، ئەمەش بە گوێرەی ئاستی فیکری و تێگەیشتنی، کرۆکی دیموکراسی لای هەندێ خۆی لە رێزگرتن لە بیروبۆچوونی یەکتر ، یان رەفتارێکی ئەخلاقی و عەقڵانی ، لای بەشێکی تریان کەلتوورە ، یان خزمەتگوزارییە یان سیاسەتە ، یان ئەوەتا ئەم سیستەمە بوونی نیە.

گرفتی لێکۆلینەوەکە ، دیارکردنی گرفتی توێژینەوەکە لە ڕووی مەنهەجیەوە مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك ، بۆیە دەست نیشانکردنی گرفتەکان و دارشتنی هەنگاوەیکی گرنگی پرۆسەی لێکۆلینەوەیە، و خالێکی بۆ ئەوەی هەنگاوە بەرەو کارەکانی دواتر بنێن ، گرفتی توێژینەوەکە دەوەستێتە سەر ئەو پرسە یان ئەو دیاردەیە کە لێکۆلەر کاری لەسەر دەکات و خۆی لەو پرسیارانە دەبینێتەوە کە لەلای توێژەر دروست دەبێت و هەوڵدەدات وەلأمەکان بەشێوازێکی بابەتیانە بە کۆمەڵ بدات. بۆیە گرفتی ئەم توێژینەوە خۆی لەو پرسیارنە دەبینێت کە لەلاماندا دروست بووە لەوانە ، ئایە دیموکراسی سیستەمە ؟ دیموکراسی تونیویەتی پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی دابین بکات ؟



ئێمە لەناو سیستەمێکی دیموکراسی هەقیقیدا دەژین ؟ چۆن کۆمەڵگەیەکی دیموکراس دروست دەکەین ؟ ئایە هەڵبژاردن بەمانای پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت دێت ؟ بۆیە تەواوی ئەم پرسانە هەم ئامانج و هەم گرفتی توێژینەوەیە کە دەمانەوێت لەرووی فەلسەفەی کۆمەڵناسی مێژووییەوە شیکردنەوە و بەراوردیان بۆ بکەین .

⋆**کرۆکی دیموکراسی بەپێ قۆناغەکان:**

دیموکراسی بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەرێتەوە لە دوو وشە پێکهاتووە ، Demos واتا (دەسەلأت) Cratia کراسیا مانای (خەڵك)یان بەیەکەوە دیموکراسی "حوکمی گەل" ‎ت‍ر...

لەسەردەمی یۆنانی کۆندا راستەوخۆ گەل لە ڕێگای پراکتیزەکردنی دیموکراسی راستەوخۆ زۆرینە دەسەلأتێکیان بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردوە ، ئافرەت و کۆیلەکان مافی بەشداریکردنیان لەم پرۆسەیەدا نەبو، دوای چەند سەدەیەك پرۆسەیەکی دیکە لە شێوازی دیموکراسیەت پەیرەو کرا ئەویش دیموکراسی ناراستەخۆ واتا گەل لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بڕیار بدەن، بەلأم لە هەقیقەتدا زۆرینە مەرج نیە هەموو کات لە هەڵبژاردنەکانیا لەسەر هەق بن، زۆرجار لە ڕێگای پرۆسەی دیموکراسی زۆرداری زۆرینە دروست دەبێ، هەربۆیە چ لە ڕێگای راستەخۆ یان ناراستەوخۆ کاتێک گەل نوێنەری خۆی هەڵدەبژێری ئەوەی ئەو دەخوازێت وا دەرناچێ، زۆرجار سەرکردەکان و نوێنەرەکانیان لەلایەکن و گەلیش لەلایەکی دیکەیە.

(احمد صابر حوحو ، مبادء و مقومات الديمقراطية ، مجلة المفكره ، عدد الخامس ،ص321 )[1]

**ئەبراهام لنكۆڵن** دەڵێ " ديموكراسی دەسەڵاتی گەلە و بەهۆی گەلەوەیەو و لەپێناو گەلە" ئەو پێناسەی كە بۆ ديموكراسی بەوەی دەسەڵاتی گەلە ناگونجێت لەگەڵ هەقیقەتدا ، چونكە هەندێ كەس ديموكراسی لە چوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا كورتی دەكەنەوە وناكرێت ديموكراسی تەنیا ببسترێتەوە بە سیستەمی سیاسی ، هەندێكی تریش لەو بڕوایەدان كە ديموكراسی شێوازێكی مامەڵەكردنی دادپەروەرانەیە لەگەڵ هاوڵاتیاندا .



ئەمڕۆ فیكرەی ديموكراسی لەو پرسانەیە كە زۆرترین مشتومڕ و ڕاوبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت . لەبەرئەوەی ديموكراسی لەسەرئاستێكی فراواندا ئاراستەی فیكری جیاواز تێدا بەدی دەكرێت وای كردووە ئەم كۆنسیپتە نادیار و ڕوون نەبێت . وقسەكردن لەسەر ديموكراسی ڕاستەقینە زەحمەت بێت . ئەگەر نەتوانین پرنسیپ و پێوەر و تایبەتمەندییەكانی ئەم چەمكە لێك جیانەكەینەوە و جێ بەجێ نەكرێت ، ئەوا هەر لە چوارچێوەی قسەی ڕووتدا دەمێنێتەوە.

**ئەرستۆ** (384-322) ئەوەی وتبوو كەوا ديموكراتی یەك جۆر نییە ، بەڵكو جۆرەكانی زۆرە، ئەم جیاوازییەی نێوان جۆرەكانی ديموكراسیش تا ئەمڕۆش دەبیندرێت"[3]



**دێڤید بیتهام** و كێڤین بویل پێیان وایە بە وەڵاتێك دەڵێن ديموكرات كە حكومەتەكەی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بەدەسەڵات گەیشتبێت و بەرپرسی وەڵامدانەوە بێت بەرامبەر بە خەڵك و كەڵك وەربگری لەو كاندیدانەی كە هەڵیبژاردوون و یاسا لەێدا دەستەبەری پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسیەكانی هاوڵاتیان بێت '[4]

---

( داود الباز، النظم السياسية للدولة و الحكومة في ضوء الشريعة الاسلامية ، دار الايمان للطبع و النشر و التوزيع ، الاسكندرية ، بدون سنة ،ص57 )[2]

-(فاضل قەرەداغی ، ئەفسانەی ديموكراسی ، چاپخانە زانكۆی سەلاحەدین ، چاپی یەكەم ،ساڵی 1998،هەولێر ،ل7. )[3]

- (دێڤید بیتهام و كێڤین بویل ، ديموكراسی چیە ؟ ، لە بلاْوكراوەكانی یونسكۆ ، وەرگێڕانی لە فارسیەوە . كریمی

بەڵام بادیۆ بۆچوونێکی جیاواز تری هەیە و پێیوایە "هەڵبژاردن پرۆسەیەکی "فریودانە" تەنیا دەستەواژەیەکە بۆ دیموکراسی ساختە، ئەو دیموکراسیەتەی کە حزب یان ڕێکخراو یان سەرمایەدار بۆ بەرژەوەندی خۆیان دروستیان کردوە ، ئەو باس لە سۆزی هاوڵاتیان دەکات لە خۆپێشاندان و هەڵبژاردنەکان پێ وایە هەموو ئەو سۆزدارییە لەلایەن ڕێکخراوێك یان گرووپێك یان پارتێکەوە مەنیفیستکراوە"[له]

ئە مرو خە لک لە ڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە نوێنەری خۆیان دیاری دەکەن بۆ ئەوەی مافەکانیان بۆ دابین بکات، بەڵام لە کۆتاییەکەی تەواو پێچەوانەیە، کۆمەڵێک دەیانەوێت پرسی نەتەوەیی یان ئاینی یان چاکسازی و ریفۆرم و گۆڕانکاری بقۆزنەوە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان، بۆیە هاوڵاتیان تا ئیستا نەگەیشتونتە ئەو ئاستەی نوێنەرو سەرکردەی ڕاستەقینە هەڵبژێرن، زۆربەی ئەو نوێنەرانەی کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵات دەگرنە دەست دەبنە جێگای نائومێدی خەڵک. بۆیە دەبێت چیتر هەڵبژاردن نەخرێتە ناو بازنەی پرۆسەی دیموکراسی، چونکە مەرج نیە ئەگەر هەڵبژاردن هەبو مانای ئەوەیە کە دیموکراسی هەیە، ئەمە بەرەو ئەو شیکردنەوە فیلو- سۆسیۆلۆژیەمان دەبات کە (هەڵبژاردن بەمانای پراکتیزەکردنی پرۆسەی دیموکراسیەت نایەت)، چونکە دیموکراسیەتی ڕاستەقینە زۆر لە پرۆسەی هەڵبژاردن گەورەترە، ئێمە دەبێ دیموکراسی ڕاستەقینە لە دیموکراسی ساختە جیا بکەینەوە، واتا

[4] حسامی ، دەزگای چاپ بلاّوکراوەی موکریان ،چاپی یەکەم ، 2001 هەولیر ، ل25

[5] Alain Badiou: élections, piège à cons? France 2, "Avant-premières" 01/03/2012

مەرج نیە هەمو پرۆسەیەکی دیموکراسی لە ڕێگای هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی دەسەڵات دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە بەرهەمبهێنێ، وەکو "ژان سەلێم" فەیلەسوفی فەرەنسی لە کتێبی (هەڵبژاردن تەڵەیەک بۆ کەمژەکان ئەی چی بۆ دیموکراسی دەمێنێتەوە)[6] ئاماژەی بە دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی دیموکراسی کردوە.



بۆیە ڕۆسۆ پێ وایە "نرخی دیموکراسی ڕاستەقینە تەنیا لەسەر سەندوقەکانی دەنگداندا نیە ، بەڵکو لە ووشیار هاوڵاتیاندایە "[7]

لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە دیموکراسی هێشتا نەبوەتە سیستەمێک کە بێ کەموکوڕی بێت، هەروەها دەکرێت سیستەمێکی باشتر لە ئایندە بۆ مرۆڤایەتی دروستبکرێت کە لە داهێنانەکانی مرۆڤ بێت. بۆیە کاتێک کە

[6] Jean Salem, Elections, piège à cons ? : Que reste-t-il de la démocratie ? Poche – 28 janvier 201

[7] http://almoasher.ps/%D8%B1%D8%B5%D9%8A%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%85%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B7%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%82%D9%8A%D9%82%D9%8A-%D9%84%D9%8A%D8%B3-%D9%81%D9%8A-%D8%B5%D9%86%D8%A7%D8%AF%D9%8A/



پرسیار لەسەر ئەوە دەکرێت کە دیموکراسی چیە و چ ئەرک و کارێکی هەیە لە ناو کۆمەڵگە ئەوە گرنگە بوترێت دیموکراسی پێش ئەوەی سیستەمێکی سیاسی لەناو کۆمەڵگە بێت ئەوا گرنگە سیستەمێکی خزمەتگوزاری مرۆیی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری بێت. .
کاتێک دیموکراسی توانی زیاتر لە فیگوری خزمەتگوزای وەک لە فیگوری سیاسی نزیک بێتەوە، ئەوکات دەتوانین بڵێین "دیموکراسی راستەقینە". ئەگەر هەر لە بازنە یاخود فیگوری سیاسی مایەوە ئەوا دیموکراسیەتێکی ساختەیە.

دیموکراسی کەلتورە ئەم کەلتورەش هەروا بە شێوەی هەرەمەکی دروست نابێت، یان ئەوەتا لە رێگای "هابیتیوس" کە کۆنسێپتێکی بۆردیۆیانەیە، مەبەستی لە عاداتە کۆمەڵگە وەکو مەکینەیەکی بەرهەمێنێنەری هابیتیوس وەسف دەکات ، لە کۆمەڵگەی کوردیدا واتا پراکتیزەکردنی خۆڕسکانە لە سروشتی ئەکتەری کۆمەڵایەتی بونی هەیە، هەبونی ئەم کەلتورەش بۆ ئەوەی ئەو پێشتر ئەو وشیاریەی لەلای دروست بوبێت کە بەشێکە لە پرنسیپەکانی دیموکراسی پراکتیزەی کردوە، بۆیە دەتونین بڵێن لەسەر ئاستی کەلتوری هابیتیوس دیموکراسی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پراکتیزکراوە، بەڵام لەسەر ئاستی دامەزراوەکان ئەم سیستەمە بونی نەبوە..
بۆیە ئالان تۆرین لە کتێبی (دیموکراسی چیە؟)

دوای ئەو هەمو خەبات و تێکۆشان و شۆڕشانەی کە لە پێناو دیموکراسی کرا، دێت دوبارە پرسیارە لەسەر ناوەخنی ئەم چەمکە دروست دەکات. ئەم پرسیارەکردنە لەسەر دیموکراسی چییە؟ بۆ خۆی رەخنەو گومان دەخاتە سەر ئەم چەمکە "ئەگەر لە سەدەی بیست ئەوروپا بەدەست سیستەمی تۆتالیتاری و شمولیەت دەیناڵاند، ئەم سیستەمانە پێناسەیەکیان دابو بە چەمکی دیموکراسی بۆ دانانی سنورێک بۆ دەسەڵاتی توندڕەو وتۆتالیتاریا، و چەسپاندنی دەستور و یاسایە لە رێگای دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدان بە مافی مرۆڤ بنێت. دوای ئەوە تۆرین ئەو پرسە دەورووژێنێ کە چەسپاندنی دەستور و یاسا لەناو دامەزراوەکان دیسان ناتوانی گەرەنتی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بکات"[8]

بۆیە بەلای ئەو گرنگە بو کە ئەکتەری کۆمەڵایەتی بە فەلسەفەیەکی سیاسی پۆزەتیف پەروەردە بکرێت، هەر ئەمەش وای لە تۆرین دەکات دوبارە سۆسیۆلۆژیا هاوچەرخ پێناسە بکات بە دوبارە دیراسەکردن لە رەفتارو عەقڵیەتی ئەکتەری کۆمەڵایەتی لەناو دامەزراوەکان، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە گرنگە لە رێگای دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کار لەسەر دیراسەی حاڵەتی ئەکتەری کۆمەڵایەتی لەناو دامەزراوەکان بکرێت، بەڵام لێرەدا دەکەوینە ناو ئیشکالیەتێک لە

[8] Alain Touraine ,*Qu'est-ce que la démocratie?* Paris: Fayard, 1994, 297 p

شیکردنەوەکانمان، لە نێوان سروشتی خۆڕسکانەی ئەکتەری کۆمەڵایەتی کورد لەروی کۆمەڵایەتیە بۆ کەلتوری دیموکراسی و ئەکتەری کۆمەڵایەتی لە نێو دامەزراوەکان، ئەو پرسیارە لەلامان دروست دەبێ ئایا دامەزراوەکان سروشتی دیموکراسی خۆ ڕسکانەی ئەکتەری کۆمەڵایەتی کوردیان شێواندوە؟ گرنگە کەلتوری دیموکراسی ڕێکبخرێت و گەشەی پێ بدرێت لەهەمو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری، ئەمەش پێویستی بە ئەکتەری کۆمەڵایەتی لێهاتو و بەتواناو ئەو کەسانەیە کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ئەکتەری کۆمەڵایەتی دیکە،بەتایبەتیش لەنێو دامەزراوە پەروەردە ییەکان،چونکە دامەزراوە پەرو وەردەییەکان لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەی هەقیقی نین. بگرە لەلایەن حیزب و گروپەوە هەیمەنکراوە و ئەوان ئەو کەلتور و ئەکتەرە پەروەردەیان دەوێت، لەگەڵ سیستەم و ڕێساو یاسا و بەرژەوەندییەکانی ئەوان بگونجێت.

کارکردن فەیلەسوفان و رۆشنبیرانی فەرەنسی تێڕوانینیان لەسەر دیموکراسی بەپێی قۆناغەکان بوە، هەریەکەو بە جۆرێ کاریگەری خۆی نواندوە، ئەگەر لەسەدەکانی هەڤدە تا کۆتایی سەدەی بیستیش، نوخبەی ئەوروپی و فەرەنسیەکان بەتایبەت لە ڕێگای نوسینەکانیان ڕۆڵیان هەبو لە هوشیار کردنەوەی کۆمەڵ و بەدیموکراتیزەکردنی، لەوانە "ژان ژاک رۆسۆ و تۆماس هۆبز" بۆ دروستکردنی دەوڵەت دێن باس لە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" لە نێوان دەسەلات و هاوڵاتیان دەکەن، کە ئەمەش یەکێکە لە پرنسیپەکانی دیموکراسی، پێیانوایە دەوڵەت دروستکراوی دەستی تاکە لە ئەنجامی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت دەوڵەتێکی عەقڵانی



بونیادبدرێت، عەقڵانیبون بەرهەمی لۆژیکە، عەقڵ پێوەری ڕاستییە و تاکە سەرچاوەی مەعریفەیە لە جیاتی هەست، هۆبز هەوڵی دۆزینەوەی پرنسیپەکانی عەقڵانی دەدا کە سیاسەتێکی مەدەنیانەی لەسەر بونیاد بنێ. هەڵبەتە کارکردن بە پێوەر و پرنسیپی عەقڵانی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵ ئەمەش بنەمایەکی گرنگی دیموکراسی هەقیقیە، تا دەگاتە ئەوەی رۆسۆ ڕەفزی فیکرەی دیموکراسی نوێنەرایەتیکردن دەکات و بانگەشە بۆ دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەکات.

بۆیە کاریگەرییەکانی فیکری رۆسۆ لەسەر یەکەم دەستوری فەرەنسی و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ هەبو، یەکێک لە دەستەواژانەی رۆسۆ کە ناوبانگێکی زۆری هەیە دەڵێ "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێ و بەئازادی دەژیت ودەبێ لە مافەکانیان یەکسان بن. ئەمەش بۆتە یەکێک لە سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ."

هەروەها سپینۆزا لەو فەیلەسوفانە بو کە پشتگیری سیستەمی پاشایەتی نەدەکرد وەکو چۆن (هۆبز) تەفزیلی ئەو سیستەمەی کردبو، سپینۆزا هەمو ئومێدەکانی لەسەر بونیادنانی

دەوڵەتی دیموکراسی لە فەرەنسا چرکردەوە، پێیوابو حوکمی دیموکراسی لە هەمو سیستەمەکانی دیکە لە سروشتەوە نزیکە بۆ دابینکردنی ئازادی تاک. هەر ئەویش بو پێشنیاری ئەوەی کرد هەمو رەگەزێکی نێر لە تەمەنی 20 ساڵیەوە مافی بەشداری دەنگدانی هەبێت، ئەم بۆچونەی سپینۆا دوای سێ سەدە جێبەجێکرا"[9].

لە فەرەنسا قۆناغەکانی پێدانی ماهیەت بە دیموکراسی لە سەردەمانێک لە بەرامبەر دەسەلاتەکانی کەنیسە و چاکسازی ئاینی پێناسەیەکیان دابو بە دیموکراسی، لە پێناو ئازادی تاک، پاشان قۆناغێکی دیکە دەستپێدەکات ئەویش سەردەمی پاشایەتیە لە فەرەنسا بەتایبەتی لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789 پرسەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بەرەبەرە لە گەشەسەندن دابو، دوای ئەو سەردەمی ناپلیۆن پۆناپەرت لە ساڵی 1799 چەند بڕیارێک لەبارەی گەڕانەوەی مافی کۆچبەرانی فەرەنسی و ئازادی عەقیدە و بیرو را بۆ هەمو هاوڵاتیان، لەبەیانێکدا ناپلیۆن دەڵێ:

## "خەڵک پێویستی بە یەکسانیە نەک هەر تەنیا ئازادی"

پاشان لەسەردەمی لویس فلیپ بەهەمان شێوە دیموکراسی رەهەندێکی دیکە لەخۆ دەگرێت لێرەدا نامەوێت برۆمە قوڵایی ئەم رەوتە مێژوییە.

هەروەها دیموکراسی لە سەدەی بیست لە بەرامبەر تۆتالیتاریاو شمولیەت و





دیکتاتۆریەت دیسان پێناسەیەک و مانایەکی دیکەی لە خۆ گرت، تا سەدەی بیست و یەک بەهەمانشێوە فەیلەسوفان و رۆشنبیران دیسان دێن شیکردنەوە و پرسیار و گومان دەخەنە سەر ئەم چەمکە، بۆ نمونە "ئالان بادیۆ" رۆڵێکی دیاری لە شۆڕشی مایو 1968ی فەرەنسی هەبو، یەکێک لە دروشمەکانی ئەم شۆڕشە "هەڵبژاردن تەڵەیەک بۆ گەمژەکان"، بادیۆ دەپرسێت؛ ئایا هاوڵاتیان هەمویان بە ئاگان یان کار بەم رستەیە دەکەن؟ لەو بڕوایەدان گوتار و دانپێدانانەکانی کاندیەکان بە کەڵکی ئەوان دێن و ئازار و ناخۆشیەکانیان کەم دەکاتەوە!.

**بادیۆ** دەڵێت "ئێمە هەست بە دەسەڵاتی (دیکتاتۆری، تیۆکراسی، ئەرستۆکراتی،

-تهانی صلاح ، الديمقراطية في عيون المفكرين الفلاسفة ، الاهرام ، الخميس 9 من رجب 1435 هـ 8 مايو 2014 السنة 138 العدد 46539. [9]

ئۆلیگارشی، مۆنارشی) دەکەین، بەڵام هیچ کات هەست بە دەسەڵاتی دیموکراسی ناکەین، لەناو سیستەمی دیموکراسی ناژین، بەڵکو لەلایەن رژێمێکی ئۆلیگاریشی (دارایی و سیاسی و میدیای) هەژمونکراوین.

هەروەها دەڵێت "من رەفزی دیموکراسیەتی هەقیقی ناکەم، بەڵکو رەفزی ئەو دیموکراسیە دەکەم کە وەهمەو لەسەر کۆمەڵیک نۆرم و پێوەر و بریار رونراوە ئاداکەی لەدەستی کەسانی ئۆلیگارشیە"[10] .دیسان دێت رەخنە لە سیستەمی دیموکراسی دەگرێ پێیوایە ئەم سیستەمە لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بەکاری دەهێنن" لێرەدا دەبینین ئادای فەیلەسوفان بۆ چەمکی دیموکراسیەت گۆڕانی بەسەردا دێت، دەکەوێتە ژێر رەخنەو گومانی فەیلەسوفان و رۆشنبیران تۆرینیش



بەهەمان شێوە لە بەشی یەکەم ئاماژەم بۆ کرد.

ئەم چەمکە لە کۆمەڵگەی ئێمە مێژویەکی تازەی هەیە، لە باسکردنی لە نێو ناوەندەکانی کۆمەڵگە، ئەگەرچی ئەو دیموکراسیەی لە رۆژئاوا دروست بو هێزی فەیلەسوفان و رۆشنبیرانی لەپشتەوە بوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی عێراقی و هەرێمی کوردستان، هێزە مەزهەبی و خێڵەکییەکان بانگەشەیان بۆ دیموکراسی دەکرد، لە بنچینەدا ناکۆکی گەورە بو لە نێوان کارەکتەری تیۆکراسی و خێڵەکی لەگەڵ دیموکراسی، رۆشنبیران دوای روخانی رژێمی بەعس نەیانتوانی خاوەندارێتی دیموکراسی بکەن، ئەگەر ئەوان خۆیان بە خاوەنی دیموکراسی بکردایە، رەنگە دۆخێکی تەواو جیاواز لە ئەمرۆ لە ئارادبوایە.

لەلایەکی دیکە قەیران و نەبونی میکانیزمی پێویست لە ژێر دەستی رۆشنبیران، واتا کەناڵەکانی گەیاندن، لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتێکی زۆری کارەکتەرە ئاینییەکان دەکرێت، لە کردنەوەی مزگەوت و کەناڵی راگەیاندن، ساڵانە سەرۆکی حکومەت چەندین جار دیدار لەگەڵ پیاوانی ئاینی رێکدەخات کەچی لەگەڵ کەسایەتیە رۆشنبیرییەکان بە پێچەوانە، ئەمەش گوازرشت لەو بۆشاییە دەکات کە لەنێوان دەسەڵات و رۆشنبیران دایە، بۆیە دەگەینە ئەوەی کە دەسەڵات پێویستی بە پیاوانی ئاینیە وەک لە نوخبەی رۆشنبیران، چونکە لە ئاین دیموکراسی نیە، دەسەڵاتیش لە هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی پێوەرەکانی دەسەڵاتێکی دیموکراتی نیە ، بۆیە ئەم لایەنەی هەڵبژاردوە.

[10] https://www.youtube.com/watch?v=0aHQrZof_jg



# “قازی محەمەد لە نێوان دیدی ئایینی و نەتەوەییدا”

## “D.SOZAN KERIM”

ZANKOYA SELAHEDIN...

گەورە پیاوان هەرچەندە زادەی سەردەمە مێژوویەکەی خۆیانن، بەڵام هیچ کاتێك بە تەنها خولقێنەری ژیان‌و ڕووداوە مێژوویەکانی سەردەمی خۆیان نین، بەڵکو بەهۆی کارتێکردن‌و خەبات‌و هەوڵدانی کۆمەڵانی خەڵکەوە، ڕووداوە مێژوویەکانیش دێنە کایەی ژیان‌و خەبات‌و دەکەونە نێو ڕووپەڕی مێژووەوە هەر ئەمانەشن زەمینە بۆ دروستبوونی گەورە پیاوان‌و سەرکردەو پاڵەوانەکانی مێژوو دەخولقێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا بە چاوخشاندنەوە بە کەسایەتیە دیارەکانی مێژوودا خۆی لە خۆیدا ئەوەش دەخاتە ڕوو کە بەشێکی گەورەی گەورە پیاوان‌و سەرکردەو مێژوو نوسان‌و بە خوێندنەوەی سەرگوزشتەی ئەم کەسایەتیە دیارانە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم کەسایەتیانە نەك هەر سەردەمێکی دیاری مێژووی نەتەوەکانیان ئەنەخشێنن بەڵکو ڕێرەوی قۆناغە مێژوویەکانیش دەگۆڕن‌و وێنای دەکەن، بۆیە یەکێك لە گرنگترین هۆکارە چارەنووسسازەکان لە پرۆسەی ڕزگاری‌و سەربەخۆیی هەر گەل‌و نەتەوەیەکدا سەرکردەو سەرکردایەتییە، چونکە هاوپەیوەندیەکی توندو تۆڵ‌و گرێدراوی بەسەرجەم فاکتەرو هەلومەرجەکانی ترەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردە بەتەنها هۆکاری سەرکەوتن‌و نوشوستهێنانی نەتەوەنیە.



یەکێك لەو کەسایەتیانەی ڕۆڵی بەرچاوو دیاری هەبووە لە قۆناغێکی مێژووی نەتەوەی کورددا (قازی محەمەد) ە. ئەم کەسایەتیە لەساڵی (1900) لە شاری مهاباد لەدایك بووە، کوری قازی عەلی کوری قازی ئەبولقاسمەو لە بنەماڵەیەکی ناوداری قازیەکانی مەهاباد بووە، لەسەردەستی باوکی زانستە شەرعیەکانی خوێندووە، جگە لە زمانی کوردی ژمارەیەك زمانی تری زانیووە لەوانە(فارسی، عەرەبی، تورکی، روسی، ئینگلیزی)و کەسێکی ئەدەب دۆستو میهرەبانو لەسەرخۆ بووە، تەنانە بە روانین لەم مێژووە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قازی محەمەد لە بنەماڵەیەکی ناودارو خاوەن نفوز بووە لە ڕووی زانستیەوە کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بووە، بۆیە تاکە هۆکاری بەشداری کردنی قازی لە کاری سیاسی و چوونە نێو کۆمەڵەی ژ.ك ەوە دەگەڕێتەوە پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی لای قازی محەمەدو خەمخۆری بۆ کێشەی نەتەوەکەی وایلێکردووە کە شانبداتە بەر کاری سیاسیو خەمی نەتەوەکەی بکاتە بەبەشێك لە خەمەکانی خۆی. بۆیە هەرچەندە قازی لەبنەماڵەیەکی ناودارو دەتوانین بڵێین بێ کێشە بووە، بەڵام گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لەناخی ئەم کەسایەتیەدا وایلێکردووە خۆی بەبەشێك لە خەمەکانی نەتەوەکەی بزانێتو بەشداری لە خەباتی نەتەوەکەیدا بکات. ئەم هەستەش لە زۆرێك لە کارو چالاکیەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو بەرجەستە بووە، بۆیە بەخوێندنەوەی سەرگوزشتەی ژیانی قازی محەمەد ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:-

لە ساڵی (1926)دا سەرۆکی بەڕێوبەرایەتی فێرکردنو پەروەردەی شاری مەهاباد بووەو خۆبەخشانە بەبێ مووچە ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووەو دوای مردنی باوکیشی لە ساڵی (1931)دا بووەتە قازی شاری مەهاباد، دەرکەوتنی بنەماڵەی قازی محەمەد تەنیا بۆ خواپەرستیو زانایی ئەندامەکانی ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ ڕۆڵی بوێریو نیشتمان پەروەریان دەگەڕێتەوە کە لە قۆناغە قەیراناویەکاندا بینیویانە، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە ئازاییانە ئەرکی لێپرسراوێتیان لە قۆناغە پڕ مەترسیو ناهەموارەکاندا گرتۆتە ئەستۆ، بەم چەشنە خەڵکی مەهابادو دەوروبەری بەشێوەی ڕێبەرێکی ئایینی پۆستەکەیدا لە مهاباد تواناو دەسەڵاتێکی بەرچاویان پێبەخشیووە، بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە سەرباری ئەم ئیمتیازاتانە لە کێشەی

نەتەوەکەی خۆی بەدوور بگرێت و وەك تەماشاکەرێك لە رووداوەکان بڕوانێت، لە جیهانی دەرەوەشدا کە رووداوەکان گەیاندیانە ئاستی نێو دەوڵەتی وەك سەرۆك کۆماری کورد ناسرا، دڵسۆزیو راستگۆیی قازی هەڵسوکەوتی ئاسایی و جلوبەرگە ساکارەکەی کاریگەریەکی بەرچاوی لەو بیانیانە کردبوو، هەرئەمە وای لە کەسێکی وەك (ئارچی رۆزڤێلت) کردبوو کە بەم جۆرە باس لە کەسایەتی قازی محەمەد بکات:

" نیشتمان پەروەرێکی رەسەن، پیاوێکی رووناکبیرو هۆشمەند، کە بەهرەیەکی زۆر لە لێبوردەییو چاوپۆشیدا دەبینێتەوە، تەنانەت پاش ئەوەی کەگەیشتۆتە دەسەڵات هیچی وای لێنەبینراوە کە وەك دەمارگیرێکی زێدە رۆو ئارەزوو باز یان کەسێکی خاوەن پایەی سەرەرۆو خۆبەزلزان، یان کەسێکی توندو تیژ کەبەزۆر مل بەلایەنگرانی خۆی کەچ بکات، ئەمە شایەدیەکی گەورەیە کە ئەم کەسایەتیە وەك کەسێکی زاناو بیرمەند هەڵسوکەوتی جەماوەری کۆمەڵەی (ژ.ك) فراوان بوونی کارو چالاکیەکانیان دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هاتنە ناو ریزەکانی کۆمەڵەوە لەو بارودۆخەدا (ژ.ك) پێویستی بەسەرکردەیەکی ناسراو هەبوو، تا جڵەوی سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەی سیاسی بگرێتە دەستو بەناوی نهێنی (بینایی) لەناو کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە ئەندام..بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین رەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی لای قازی محەمەد لەچەند خاڵێکدا بخەینە روو:-



## 1- کوردستانی بوون:-

یەکێك لە گرنگترین پایە سەرەکیەکانی بیری قازی محەمەد کە لە ژیانو هەڵسوکەوتیدا رەنگی دابۆوە هەستی کوردستانی بوونو ئاواتی رزگاری بوونی کوردستانی گەورە بووە ، بۆنموونە گەر بە ووردی ئەو ووتارە بخوێنینەوە کە پێشەوا لە نیوەرۆی (22ی کانونی دووەم 1946) لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد دای بەگوێی جەماوەردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەند بیروڕای پتەوی بە کوردستانیبوونو یەکپارچەیی خاکی کوردستانی مەزن هەبووە، بۆنموونە غەنی بلوریان لە بیرەوەریەکانی خۆیدا بەم جۆرە هەستی کوردستانی بوونی قازیمان بۆ دەگێڕێتەوە:" بەرلەوەی قازی بچێتە سەر سەکۆی وتاردان کە

لەناوەندی چوارچرا دامەزرابوو بەئەندمانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی راگەیاند بچن قورئانو نەخشەی کوردستانی گەورەو ئالأی کوردستان بێنن دەسبەجێ لیژنەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوو بەدوو لەپشت سەری یەك بەرەو ناوەندی حیزبی دیموکرات وەرێ کەوتنو قورئانی پیرۆزیان لەگەڵ ئالأو نەخشەی کوردستانی گەورە لەسەر دەستی مەلا حوسێنی شکاك داناو هەر بەمجۆرە گەرانەوە خزمەت پێشەوا، ئینجا سەرۆکی شارەوانی مهاباد (غەنی خوسرەوی) بەپێی پرۆگرامی دیاریکراو رێ ورەسمی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی کردەوەو پشتیوانی لە پێشەوا قازی محەممەدو نەتەوەی کورد کرا، قازی سەرپۆشی لەسەر قورئانەو ئالأو نەخشەی کوردستان لابردو داب‌و رەسمی سوێندخواردنی بەجێهێناو فەرمووی:

( ئەمن بەخودا بە کەلامی ئەعزەمی خودا، بە نیشتمان، بەشەرافەتی میللی کورد بەئالأی موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخری هەناسەی ژیانو رژانی ئاخرین تنۆکی خوێنم بەگیان‌و ماڵ لەرێ راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالأی کوردستاندا تێبکۆشم و نیسبەت بە رەئیس جمهوری کوردستان‌و یەکێتی کوردو ئازەربایجان موتیع و وەفاداربم)

تەنانەت پێشەوا لە ئۆفیسەکەی خۆیدا لەپشت سەریەوە نەخشەی کوردستانی گەورەی هەڵوسیبوو بەمەش هەموو لایەکی لەوە ئاگادار کردبۆوە کە کورد مافی سەربەخۆیی و دەوڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم بیرەی لە کۆماری کوردستاندا پراکتیزە کردبوو کردبووی بە کۆمارێکی نەتەوەیی کوردستانی ئەمەش زادەی بەشداری و رۆڵی کوردەکانی تێکرای پارچەکانی دیکەی کوردستان بوو، ئەزموونێك بوو هەڵچوونی گەورەی لە هۆشی نەتەوەیی کورددا خوڵقاند وەك هاندانی لایەنگرانی خۆی بۆ هاوکاریو پارمەتیدانی بارزانی لە کوردستانی باشورو هەروەك ئاماژە بە پەیوەندی پێشەوا دەکرێت لەگەڵ کوردەکانی تورکیاو سوریادا. هەرناوانانی کۆمارەکە بە کۆماری کوردستان خۆی لە خۆیدا ئاماژەبوو بۆ بیری کوردستانیبوونی قازیو ئامانجە گەورەکەی کە خۆی لە رزگارکردنی کوردستانی گەورەدا دەبینیەوە.

## 2- سەربەخۆیی خوازی:-

بەڵگە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلێنن کە پێشەوا بروایەکی تەواوی بەوە هەبووە کە گەلی کورد لە تەواوی مێژووی کۆن‌و نوێدا لەسەرخاك ونیشتمانی خۆی خاوەن دەسەلاتو فەرمانرەوایەتی سەربەخۆی خۆی بووە و سەری بۆ داگیرکەران دانەنوواندووە لە پێناو بەرەنگاری دوژمنانی نیشتمانەکەی درێغی لە بەخەرجدان‌و بەفیرۆ چوونی ماڵ‌و گیانی نەکردووە پێشەوا لەو بروایەدابوو کە پێویستە سوود لە دەرفەت و دنیای ناوچەکە لێیان روانیون، بێگومان خوێندەواریو زانایی قازی محەممەدو کەسایەتی بەهێزو پلەو پایەی بنەماڵەکەی لەگەڵ وەربگیرێت بۆ گێرانەوەی دەسەلاتو سەربەخۆیی کوردان، کەوتە تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد هەروەکو خۆی دەڵێ:

**" هەر لەکۆنەوە میلەتی کورد غیرەتی وابوو، هەرکەسێ هەوڵی داگیرکردنی دابن، ئەوان بەرەنگاری بونەتەوە".**

(**هاشمۆڤ**) کونسوڵی سۆڤیەت لە رەزائیە لە راپۆرتێکدا دەڵێت:" قازی هەموو کاتێک و تووێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبردو باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکردو بەگوێری قسەکانی هۆی دواکەوتنەکانی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتی ئێران و تورکیاوە چەوسێنراونەتەوە". هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و مارشی کوردستان و ئامادەنەبوون بۆ چوونە ژێر دەسەڵاتو فەرمانی ئازەربایجانەوە ئەمە بۆ خۆی سەلێنەری بیری سەربەخۆیی خوازانەی پێشەوا بووە، بۆنموونە لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ کونسولی سۆڤیەت کاتێ داوا لە پێشەوا دەکات کە پەیوەست بن بە ئازەربایجانەوە دەیانویست کوردستان بکەن بە پاشکۆی ئازەربایجان پێشەوا بەم جۆرە وەڵامی دانەوە:" ئێمە بۆ ئەوە خەباتمان نەکردووە کە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرێکەوە بچینە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرێکی تر گەر وایە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بمێنینەوە باشترە".

### 3- کارکردن لەپێناو زمان و فەرهەنگی کوردی:-

رۆژی 1/11/ 1946 واتە بەر لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان قازی بریاریدا خوێندن بکرێتە زمانی کوردیو ماوەی (10) رۆژیش مۆڵەت درابوو بەو کوروکچانەی کە تەمەنیان بۆ خوێندن دەگونجا بنێردرێنە قوتابخانە، هەروەها فەرمانیدا ناوی (مەدرەسەی پەهلەوی) بە (مەکتەبی کرمانجی کوردستان) بگۆرێت. لەسەردەمی کۆماریشدا زمانی کوردی کرا بە زمانی فەرمی خوێندن و نووسین لە قوتابخانەو فەرمانگەکان و خوێندنەوەی گوتاری رۆژانی هەینیش کرا بە زمانی کوردی پێشەوا قازی لەبەشێکی گوتاری (22ی کانوونی دووەمی 1946)دا بە شانازیەوە دەڵێت:

" چەند مەدرەسەی کچان و کورانمانکردەوە، مەدرەسەی شەوانمان دامەزراندو کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران ، کورو کچ پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانەو رۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوارو هەموو شتێک دەخوێننەوە دەنوسن".

هەروەها لەوەڵامدانەوەی ئەو دیدە هەڵەیەی کە نووسەرە فارسەکان لەسەر زمانی کوردی بڵاویان کردبۆوە بەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نیەو بەڵکو دیالێکتێکی پاراوە لە زمانی فارسی خودی پێشەوا خۆی لە ووتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (گنجینئە گرانبهای ئەدبیاتی کرد)، بە زمانی فارسی تیایدا باسی هەوڵەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران دەکات بۆ لاوازکردنو ریشەکێش کردنی زمانی کوردی، هەروەها چەند نمونەیەکی شیعری کوردی شاعیرە ناودارەکانی وەک مەولەوی مصباحو شێخ رەزای دابەزاندووە نموونەی هێناوەتەوە، دواتر بیروبۆچوونی ژمارەیەک رۆژهەڵاتناسی لەسەر سەربەخۆیی زمانی کوردی هێناوەتەوە. لەوانە کوردناسی بەناوبانگ (ئۆسکارمان)دواتر رای خۆی دەردەبرێت بەوەی زمانی کوردی زمانێکی رەسەن و سەربەخۆیە لە رووی ناسکی و دەوڵەمەندی زاراوەو بابەتە فۆلکلۆرییەکانیەوە لە ریزی زمانە زیندووەکانی جیهان دادەنرێت.

بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بە زمانی کوردی یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکیەکانی پێشەوا، بەپێ گێرانەوەی هێمنی شاعیر، لیژنەی تایبەتی

بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان دانراوە کە بریتی بوون لە هێمن، هەژار، زەبیحی، و پێشەواو چەند کەسی ترو چەند مامۆستایەکی شارەزاش یارمەتیدەریان بوون.

جگە لەم کارانە هەیئەتێکیشی بە ناوی (هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان) دامەزرێندراو مەناف کەریمی کرا بە وەزیری فەرهەنگ (مەعاریف)، ئەم هەیئەتە چەند بریارێکی گرنگی دەرکرد:-

1-ئامادەکردنی خەڵکی نەخوێندەوار بۆخوێندنی شەوانە.

2- ئەو منداڵانەی بێکەسن‌و خەریکی سواڵکردنن کۆبکرێنەوەو بەناو میلەتدا دابەش بکرێن‌و بنێردرێنە بەر خوێندن.

3- سەرجەم تابلۆی قوتابخانەو ئیدارات بگۆردرێن‌و بە زمانی کوردی بنوسرێن.

لەسەر فەرمانی پێشەوا قازی خوێندن لە قوتابخانەکاندا کرا بە کوردی و بەزۆر فێرکردنیش بۆ کوران‌و کچان راگەیەندراو هەندێ قوتابخانەی تازەش لە مەهابادو بۆکان‌و شنۆ کرانەوە کە یەکێکیان قوتابخانەیەکی تایبەت بوو بۆ کچان لە شنۆ، دەستەیەکی نزیك بە (50) خوێندکاری کوردیش بۆ یەکێتی سۆڤیەت‌و دەیان خوێندکاری تریش بۆ زانکۆی تەوریز نێردران.

بەفەرمیکردنی زمانی کوردی‌و بڵاوکردنەوەی خوێندن‌و خوێندەواری بریارێکی گرنگی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، قازی محەمەد لە رێگەی بریاری بە فەرمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستویەتی کورد وەکو نەتەوە لە زمان‌و کولتوری باڵادەستی نەتەوەی فارس کە هێزی دەوڵەتی لە پشت بوو، جیا بکاتەوە، هەوڵیداوە زمانێکی ستانداردیش لەرێی دەسەڵات‌و بە ئیلزامی کردنی خوێندنەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکات.

### 4-سوود وەرگرتن لە ئایین‌و بەکارهێنانی لە پێناو خزمەتکردنی نەتەوەییدا:-

تەنانەت پاشخان‌و کولتوری ئایینی پێشەوا قازی‌و بنەماڵەکەی نابێتە رێگر لەبەردەم بریاری خوێندنەوەی گوتاری رۆژانی هەینیش بە زمانی نەتەوەیی، تەنانەت قازی محەمەد زۆری کۆبونەوە گرنگەکانی لە مزگەوتدا ئەکرد، و لەوێدا لەگەڵ پێشەوا دینی‌و دەمراست‌و ئاغاکانی کورد کۆ ئەبوەوەو راوێژی ئەکرد.و بریاریدا کە خوتبە لە مزگەوتەکاندا بکرێت بە کوردی بەو بۆنەیەوە ئەم هەواڵە لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.

### 5- بریاری بەرگری نەکردن‌و خۆبەدەستەوەدان:-

قازی محەمەد تەنانەت لە کۆتاییەکانی ژیانیشیدا ئامادە بوو کە قوربانی بەخۆی بدات‌و خەڵکی نەکاتە قوربانی، تەنانەت ئامادەنەبوو رابکات، بەڵکو ئامادەبوو لەگەڵ خەڵکی مهابادا بمێنێتەوە هەرچەندە دەیزانی کە چارەنووسی کۆتایی پێدێت، تەنانەت کاتێك بارزانی داوا لە قازی دەکات کە لەگەڵیاندا بروات خۆی‌نەدات بەدەستەوە قازی وەڵامی دەداتەوە کە ئەو لەخۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مهابادا بووە بۆ یە ئێستاش لە ناخۆشیدا بەجێیان ناهێڵێ.

بۆیە لەکاتی دادگایە کردنی قازیدا دەڵێت:

" هیچ پەشیمان نیم، چونکە بەڵێنم بە میللەتی کورد دابوو لەگەڵیان بژیم و لە پێناویاندا بمرم، دڵنیام ئەگەر من ڕۆیبام و منتان نەکەوتبایە بەر دەست کەسانی زۆرتان لە خەڵکی مهاباد و میللەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم: کار من بێتاوان دەکوژرێم...

و دووەمیش:

"بەبەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم ڕووسوری
دنیاو قیامەت بم لای خوداو لای میللەتەکەی خۆم."

یاخود لەوەڵامی پرسیارێکی دادگادا، کە دەڵێت ئایا خۆت نەرۆشتی یان بارزانی لەگەڵ خۆی نەیبردی؟ قازی دەڵێت:

"نا من بۆ کوێ دەرۆم،

ئێرە خاکی کوردستانە،

باب و باپیرانم لێرە ژیاون

خۆ من پیشەوەری نیم

و وڵات و میللەتەکەم بەجێبهێڵم و هەڵبێم".

ئەم نموونە مشتێکن لە خەرواری کەسایەتی قازی محەمەد لە ڕووی ووشیاری و کامڵبوونی بیری نەتەوایەتی و خۆشەویستی گەل و نیشتیمان، بەجۆرێك بارتەقای بیرە ئاینیەکەی کاری لەسەر بەنەتەوەیی کردنی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە کردووە، لێرەوە پێشەوا قازی وەك بەرجەستەکەری بیری نەتەوەیی و ئایینی لە مەیدانی مێژوودا خۆی سەلماند، بۆیە هەمیشە لە یادەوەری مێژوودا بە زیندویی دەمێنێتەوە.



# Kerkuk..

## Kerem serhatli



کەرکوک دلێ کوردستانێیە .بەلێ سەروکێ نەمر دبێژە (لێ مخابن د (١٦) مەها جووت مەهێ دە دلێ کوردستانێ هاتە فروتن ,ئەو کەسێ کو بوونە سەدەما فروتنا دلێ کوردستانێ وێ هە تا هە تا وەرنە شەرمزارکرن و رورەشکرن). بەلێ دوژمن وەکی گورگێ برسی هێرش کرن لسەر کەرکوکێ ل چار ئالی گازی کرن "کەرکوک جهێ مەیە". عەرەبان گوتن، تورکان گوتن باژێرێ مەیە.لێ گەلو ب راستی باژێرێ کێیە؟ ئەم ل بەلگەنامێت ئوسمانیان بنێرین گەلو خوەدیێ کەرکوکێ کییە ؟ ئەڤ تورکمەن کینە ؟ ژ کو هاتنە ؟ چ دەمی ب چ هە بوونە ؟ . بەلێ تورکمەن د دەمێ خیلافە تا عەباسیان دا ژ ئاسیا ناڤین ب مەملوکێ(عەبد) عەباسیان ئەوانا ئانینە سامەرایێ ل ور بەلاڤ بوونە زێدەتر هاتنە دناڤ کورداندا لەورا کورد ژی ژ بیانیانرا زور باش بوون تانها بوونە خوەدانێ ئاخا کوردان . گەلێ دکەرکوکێدا بە رییا دووسەد سالان ژیان دکرن ئە رێ ئە وکی بوون ؟ ئەم نها بالا خوە بدنە دیروکڤانێ ئوسمانی کو بناڤ "شەمسدین" وەهایە: کەرکوک د کوردستانێدە د ویلایەتا موسلێ و ١٦٠کم . ل جنوبێ شەقیدێ بن سەر تێپا ئاڤابوویە ب(وادی ئەدهەم) مەکێزا

**سانجاخا شەهر-۱ زوربە ی گەلی تێدە دژین , ۳۰ هەزیران ئانکو ژ چاران سیسیە وێ کوردانە ئەوێ ماین (عرب و تورکمەن و یێن دنن و ۷٦۰ ئسرائیلی و ٤٦۰ کلدانی تێدە دژین) کەرکوک ژ ۳٦۰ مزگەفت ، ۷ قوتابخانە ، ۱۵ زاوییە ،۱۲ خان ،۱۲۷۲ مخارە و دکان و بەدستان و ۸ سە رشو ل سەرجەم پەردەک ل روشدیێ و ۱۷ قوتابخانە زاروکان و ۳ کلیسە پێکدێت و مەقامێ ( دانیال و عەزیز ئەمیک) پێخەمبەر تێدایە. ناڤێ کەرکوکێ کەڤن (کیرکورە) ناڤێ تەخەکێ وی بابا کورکورە تێدا هەرجورێ فێقیاهەیە و نەفتا وێ گەلەکە ..ب کورتایی ئەڤە ئەوە کو ب زمانێ ئوسمانیان د زانی بلا هەمی ڤێ واسیقێ بخوینن.د سالا ۱۹۵۷ دا ئامارا کەرکوکێ ژی ژ سەدێ ٤۸،۳ کورد ۲۸،۲ عرب و ۲۱،٤ تورکمەن بوون لێ پەرگالا عیراقێ کورد ژ کەرکوکێ دەرێخستن هژمارا کوردان کێمکرن. سامیە" گەلێ ژ بو کەرکوکێ د پەرتوکا (قامولالەم) چ گوتیە؟ ئورجینال وێ مژارێ ب زمانێ کوردی ...**



کرکوك } کردستانك موصل ولایتنده و
} موصلك ١٦٠ کیلومتره جنوب
شرقیسنده وبر صره تپه‌لرك آلتنده اوله‌رق واسع
بر اووه‌نك کنارنده و (وادی ادهم) اوزرنده شهر
زور سنجاغنك مرکزی بر شهر اولوب، ٣٠٠٠٠
اهالیسی، قلعه‌سی، ٣٦ جامع ومسجدی، ٧ مدر-
سه‌سی، ١٥ تکیه وزاویه‌سی، ١٢ خانی، ١٢٨٢
مغازه و دکانی، بدستانی، ٨ حمامی، نهرك اوزرنده
بر کوپریسی، بر رشدیه و ١٨ صبیان مکتبی، ٣
کلیساسی وبر حاوره‌سی واردر. بر تپه‌نك اوزرنده
بولنان قلعه درونی ایله قلعه‌نك آلتنده‌کی محلاتدن ونهرك
صاغ طرفنده‌کی قسمدن مرکب اولدیغی حالده، اهالیسنك
اوچ ربعی کرد وقصوری ترك وعرب وسائره‌در.
٧٦٠ اسرائیلی و ٤٦٠ کلدانی دخی واردر. بر
قاچ کاروان یولنك محل اجتماعنده واقع اولمغله،
ایشلك تجارتی و میاه جاریه‌سی چوق اولمغله،
اطرافنده باغ وباغچه‌لری وپورتقال، لیمون، نار، خرما
وسائر میوه‌لریله محصولاتی واردر. جوارلرنده
طوزلی صولریله میاه معدنیه‌سی و نفت چوقدر.
شهرده بز وقماش یاپیلوب، ٢٠ دستگاهی واردر.
بعض معمولات دباغیه و کنویردن ایپ دخی

يابيلير. پورتقال چيچكندن صو چيقاريلير. هواسى
يازين خيلى صيجاق ايسه‌ده ، صاغلام و لطيفدر ،
شهرده انبيادن دانيال وعزير ( عم ) ك مقاملرى
واهل بيتدن برقاچ ذاتله بعض كبار مشايخك
تربه‌لرى زيارتگاهدر. كركوك اسكى برشهراولوب،
اسم قديمى ( كركوره ) در.

— كركوك قضاسى شهرزور سنجاغنك مركز
قضاسى اولوب، شرقاً سليمانيه سنجاغيله ، شمالاً
كوى سنجاق واربل قضالريله، غرباً موصل سنجا-
غيله، غرب جنوبى جهتندن بغداد ولايتيله، جنوب
شرقى طرفندن ده صلاحيه قضاسيله محدوددر. ملحه،
طوزخورماتو ، آلتون كوپرى، كيل و شوان
اسملريله ٥ ناحيه‌وجمعاً ٣٥٢ قريه‌يى حاوى اولوب؛
دجله‌يه تابع شط ادهم وزاب اسفل نهرلرى وبونلره
ويا طوغريدن دجله‌يه منصب برچوق چايلر قضايى
شق ايدر. اراضيسى آز عارضه‌لى وقسم اعظمى دوز
وواسع اووه‌لردن عبارت اولوب ، طوپراغى پك
منبتدر. باشليجه محصولاتى بغداى، آرپه، پرنج ،
توتون، اوزوم و سائر ميوه‌لردن و على الخصوص
ليموندن عبارتدر. مركز قضانك شمالنده پك زنگين
نفت قويولرى بولنوب، اهالى غاز كبى ياقمق ايچون
آليرلر. ( بابا كوركور ) اسميله بر محلدن دخى
ماويمسى بر آلو چيقار. امراض مختلفه‌يه نافع معدن
صولريله طوزلى صولرى ده چوقدر. مركز قضانك
جنوب غربيسنده بولنان بعض قيولر مملحه اتخاذ او-
لنوب، خيلى مقدار طوز چيقارلقده‌در. قويون ،
كچى ، دوه ، آت وسائر حيواناتى چوق اولوب،
يپاغى وكچى قيلنك چوغى محلنده كليم، عبا وسائره
اعمالنه قوللانيلير.



# "پێگەی دیاربەکر لەدەولەتی عوسمانیدا"


**پ. د. سەعدی عوسمان هەروتی**

**کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر..**

*E-mail: dr.saadi.haruti@hotmail.com*


**پێشەکی:**

شاری دیاربەکر وەکو زۆربەی شار وئاوەدانییەکانی تری کوردستان، خاوەن مێژوویێکی کۆن ودێرینە. بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانیدا، کە ناوەندێکی گرنگی کارگێڕی عوسمانی بوو لەکوردستان. بۆیە لەم سەردەمەدا مێژوویێکی پڕ لەپێشهات و دەوڵەمەندی هەیە، بەجۆرێک شایستەی ئەوەیە کە چەندین کارنامەی زانستی لەسەر بنووسرێ و لەچەندین لایەنەوە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێ. بەڵام ئێمە لەم باسەدا تەنیا لەبایەخ و گرنگی دیاربەکر دەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەم شارە لەنێو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا چ پێگەیەکی هەبووەو چەندە کاریگەری لەپێشهاتەکاندا کردووە.

لەسەرەتادا باسی ئەوە دەکەین کە شاری دیاربەکر چۆن کەوتۆتە نێو بازنەی قەڵەمڕەوی عوسمانی و پێی ناوەتە سەردەمێکی نوێ. لەباسی دووەمیشدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە ئەم شارە بەدرێژایی سەردەمی عوسمانی کە زیاتر لەچوار سەدەی خایاندووە، ناوەندی ویلایەت بووەو ئەم ویلایەتەش دەسەڵاتی بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی کوردستاندا ڕۆیشتووە. هەر لەم باسەدا لەو گۆڕانکارییانە دەکۆڵینەوە کە لەپێگەی کارگێڕی دیاربەکردا ڕوویانداوە. هەرچی باسی سێیەمە، ئەوا تەرخانکراوە بۆ بەدیارخستنی ڕۆڵی دیاربەکر لەپێشهاتەکانی ناوچەکەو کاریگەری هەمەلایەنەی لەسەر ڕووداو وبویەرەکان.

بۆ نووسینی ئەم باسەو پەیداکردنی زانیارییە مێژووییەکانی و شرۆڤەکردنیان، پەنامان بۆ چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بردووە، کە زۆربەیان سەرچاوەی ڕەسەنن. وەکو بەڵگەنامەی فەرمی و سەرچاوەی یەکەمی. نەخاسمە ئەو کتێبانەی کە نووسەرەکانیان هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون یان نزیک بوون لەو سەردەمە. بەڵام بۆچوون ولێکدانەوەکانی توێژەرو مێژوونووسانی سەردەمی ئێستاشمان فەرامۆش نەکردووە، کە ئەوانیش پێویستن بۆ فراوانکردنی تێڕوانینی نووسەر.

## باسی یەکەم: داگیرکردنی دیاربەکر لەلایەن دەولەتی عوسمانی:

شاری دیاربەکر کەپێشتر ناوی (ئامەد)[11] بوو، یەکێکە لەشارە هەرەمەزن و دێرینەکانی کوردستان و ئێستاش دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. ئەم شارە لەمێژووی خۆیدا چەندین جار لەنێوان زلهێزەکانی ناوچەکە دەستاودەستی کردووە،[12] تا لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەمدا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دەولەتی سەفەوی (1501- 1722). ئەمەش لەسەروبەندی هەڵمەتە فراوانخوازییەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی (1501- 1524) دابوو کە لەساڵی 1507دا بردیە سەر ناوچەکە.[13] ئەوەبوو دوای بەرگرییەکی بەهێزی خەڵکەکەو کوشتارێکی زۆر، ئینجا شارەکە داگیرکرا.[14]

ئاشکرایە حوکمڕانی سەفەوی جێگەی شادومانی دانیشتووانی دیاربەکر نەبوو، بۆیە ڕاستەوخۆ دوای شەڕی چاڵدێران (23ی ئابی 1514) و شکستی سەفەوی لەبەرامبەر لەشکری عوسمانی، خەڵکی ئەم شارەش تەبای شارو ناوچەکانی تری کوردستان، لەدژی پاشماوەی هێزەکانی سەفەوی ڕاپەڕین و سەرداری شارەکەیان

(11) لەتوێژینەوەیەکی پێشتردا باسی بنەچەی ناوی ئەم شارەمان کردووە، بڕوانە: سەعدی عوسمان هەروتی، دیاربەکر لەگەشتنامەکانی سەردەمی عوسمانیدا/ باری ئاوەدانی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی، لە کتێبی:
Osmanlıdan Günümüze Diyarbakir, Editörler: İbrahim ÖzcoŞar, Ali KarakaŞ, Mustafa Öztürk, Ziya Polat, Ensar NeŞriyat, İstanbul, 2018, s.524.

(12) لەم بارەیەوە بڕوانە: رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردستان لەسەدەی پازدەی زایینیدا، هەولێر 2005، ل44- 46، 56، 134- 138.

(13) حسن بيگ روملو، احسن التواريخ، تصحيح: د.عبدالحسين نوايي، ج2، انتشارات اساطير، چاپ 1، تهران 1384، ص1018- 1019؛ شرف خان البدليسي، شرفنامه، ت:محمد جميل الملا احمد الروژبياني، ط2، مطبعة وزارة التربية، اربيل 2001، ص 655.

(14) حسن بيگ روملو، م. پ، ج2، ص1019- 1020 ; أسكندر بيك تركمان، تاريخ عالم آراى عباسى، چ2، انتشارات امير كبير، چاپخانه گلشن، تهران 1350 هـ. ش، جلد1، ص32- 33. بۆ ووردەکاری ئەم ڕووداوانە بڕوانە: د.سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری وکۆمەڵاتی وئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر 2013، ل12- 13.



بەدەرنا.[15] بەڵام زۆری نەبرد کەوتەوە ژێر هەڕەشەی سەفەوی، بەهۆی هەوڵەکانی شا ئیسماعیل بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی لەکوردستان. بێگومان شاری دیاربەکریش مەڵبەندی حوکمڕانی سەفەوی بوو لەو وڵاتە.[16] لەنێو ئەم پێشهاتانەدا ڕۆڵی دەولەتی عوسمانی لەکوردستان کاراتر دەرکەوت؛ ئەوەبوو سوڵتان سەلیمی یەکەمی (1512- 1520) لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتی (محەمەد بێغللی پاشا) ڕەوانەی کوردستان کرد. کاتێکیش ئەم لەشکرە لەگەڵ هێزەکانی میرانی کورد یەکیگرت و بەرەو دیاربەکر کشا، هێزەکانی سەفەوی دەستبەرداری ئابلوقەی دیاربەکر بوون.[17]

(15) هاممەر، دولت عثمانية تأريخي، مترجمی: محمد عطا، ج4، استانبول 1330 رومی، ص154؛ هەروەها بڕوانە: د.سعدي عثمان هروتي، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة فی تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان 1514- 1851، مؤسسة موكريانی- اربيل، مطبعة خانی، دهوك 2008، ص44.

(16) سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل25.

(17) هاممەر، م. س، ج4، ص156 ; بۆ ووردەکاری زیاتر بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل28- 29.

سەرەنجام هێزەکانی کوردو عوسمانی بەسەرکردایەتی (محەمەد بێغللی پاشا)، لە (10)ی ئەیلولی 1515 چوونە نێو شارەکە.[18]

دوای ئەم ڕووداوە، سوڵتان سەلیم لەنامەیەکیدا بۆ پادشای شێروان (هەرێمێکە لەناوچەی قەفقاس) دەنووسێ: " بەتەوفیقی سوبحانی هەموو قەڵاو وولاتی دیاربەکر بەتایبەتی ئامەد... بەتەواوی پادشایان و هەرێمەکانی کوردستان... هاتنە ژێر فەرمان و بەندەیی دڵسۆزانە".[19] لەڕاستیدا گرتنی دیاربەکر ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر بەشی هەرە گەورەی کوردستان.[20]



**باسی دووەم: دیاربەکر وەک ناوەندێکی کارگێڕی عوسمانی لەکوردستان:**

**بایەخ وگرنگی شاری دیاربەکر بۆ دەولەتی** عوسمانی لەوەوە دیار بوو کە بووە ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانی لەکوردستان. بۆیە لەزۆربەی ماوەکانی ئەو سەردەمەدا ویلایەتی دیاربەکر بەشێکی فراوانی ناوچەو هەرێمە کوردییەکانی لەخۆدەگرت. بەگوتەی توێژەریکی تورک هەموو ئەو ناوچە کوردییانەی کە لەساڵی 1515دا بوونە بەشێک لەدەولەتی عوسمانی، خرانە ژێر چەتری بەگلەربەگلک (ویلایەت)ی دیاربەکر.[21] لەزانیارییەکانی شەرەفنامەشدا ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ؛ ئەوەتا کاتێک سولتان سەلیم داوا لە (مەلا ئیدریسی بەدلیسی) دەکات یەکێک لەمیرانی کورد دیاری بکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی ئەوانی تر و سەرکردایەتییان بکات لەشەڕی سەفەوی، لەوەڵامدا دەڵێ هیچ کامێک لەم میرانە سەر بۆ ئەویتر دانانەوێنێ بۆیە وا چاکترە سەرکردەیەکی عوسمانی ببێتە فەرماندەی هەموو میرە کوردەکان. سوڵتانیش (محەمەد بێغللی پاشا) دەکاتە میری میرانی ویلایەتی دیاربەکرو سەرکردایەتی لەشکری کوردستانی پێدەسپێرێ.[22] واتا سەرپەرشتی ناوچەو قەوارە کوردییەکانی سەربە دەولەتی عوسمانی بکات وپەیوەندییان لەگەڵ دەولەت ڕێکبخات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە بەدرێژایی چوار سەدەی دەسەڵاتی عوسمانی، شاری دیاربەکر بایەخی خۆی لەدەست نەداوەو هەمیشە مەڵبەندی ویلایەت(یان: ئیالەت)[23]ێکی عوسمانی بووە (بێجگە لەچەند ساڵێکی کەم کە دواتر باسی دەکەین). کۆنترین بەڵگەنامە لەبارەی کارگێڕی دیاربەکر

[18] Mehdi ilhan, Amed (Diyarbakir) / 1518 detailed register, Ankara 2000, p.13; Colin Imber, The Ottoman Empire (1300-1650) /The Structure of Power, First Pub., by Palgrave, Great Britain, 2002, P.45.

[19] بروانە دەقی نامەکە لە: د. عبدالحسین نوائي، شا اسماعيل صفوي/ اسناد و مكاتبات تاريخي همراه با یاداشتهای تفصيلي، انتشارات ارغوان، چاپ 2، چاپخانه ارژنگ، تهران 1368هـ.ش، ص276.

[20] لەبارەی ئەم پێشهاتانە بروانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل32-29.

[21] هاكان اوزاوغلو، أعيان الكورد والدولة العثمانية/ هويات متطورة وولاءات متنافسه وحدود متحولة، ت: د. خليل على مراد، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل 2016، ص83.

[22] شرف خان البدليسي، م. س، ص661- 662.

[23] لەماوەی نێوان ساڵانی 1591- 1864 بەفەرمی زاراوەی ئیالەت لەجیاتی ویلایەت بەکاردەهێنرا، ئێمەش ئەوەمان ڕەچاوکردووەو بەپێی سەردەمەکە زاراوەکە بەکاردەهێنین.

بریتییە لەتۆمارێكی ڕووپێوی عوسمانی كە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1518. بەپێی ئەم تۆمارە ویلایەتی دیاربەكر لە (12) سنجەق (واتە: لیوا) پێكدەهات كە بەشێوەی ئاسایی بەڕێوەدەبران، ئەوانیش بریتی بوون لە: ئامەد (ناوەندی ویلایەت)، ماردین، سنجار، بیرەجك، ڕوها (ئۆرفە)، سیڤەرەك، چەرمیك، خارپوت، ئەرغەنی، ئەرەبگیر، كیغی لەگەڵ چەمیشگەزەك.[24] هەرچەندە لەم تۆمارە تێبینی دەكرێ كە هەژمونی كارگێڕی دیاربەكر لەكوردستاندا تاڕادەیەك بەرتەسك بۆتەوە، بەڵام ئەم ڕێكخستنێكی كاتی بووەو زۆری نەخایاندووە. چونكە لەتۆمارێكی ساڵی 1520دا ئەم ویلایەتە (9) سنجەقی ئاسایی لەخۆدەگرێ، سەرباری (28) قەوارەی كوردی كەمافی خۆڕێبەرییان هەبوو.[25]

لەم سەردەمەدا كە دەسەڵاتی عوسمانی لەناوچەكە تازە ڕیشەی دادەكوتا، ڕێكخستنە كارگێڕییەكان لەگۆڕانی خێراو بەردەوام دابوون، بەڵام ئەمە كاریگەری ئەوتۆی لەسەر پێگەو هەژمونی كارگێڕی دیاربەكر نەبوو. بەپێی تۆمارێكی ساڵی 1527 ویلایەتی دیاربەكر لە (10) سنجەقی ئاسایی و (18) قەوارەی كوردی نیمچە سەربەخۆ پێكدەهات. ئەو قەوارانە كە پێیان دەگوترا "ئیالەت" (7)یان میرنشینی گەورە بون كە بەمیرەكانیان دەگوترا "میرە مەزنەكان".[26] بێگومان ئەمە ویلایەتی دیاربەكر بوو لەوپەڕی فراوانیدا، چونكە هەموو ناوچەكانی كوردستانی عوسمانی لەخۆگرتبوو. بەڵام دیارە

[24] Mehdi ilhan, op. cit, p.16.

[25] دائرة المعارف الاسلامية، (الترجمة العربية) اعداد وتحرير: ابراهيم زكي وأحمد الشنتناوى و د. عبدالحميد يونس، القاهرة (د.ت)، مج5، مادة: إيالة (خليل اينالجق)، ص267.

[26] هاكان اوزاغلو، م. س، ص93.

یەكخستنی ناوچەكانی كوردستان و هەروەها پێكهێنانی قەوارەیەكی كارگێڕی وا گەورە، بەلای دەسەڵاتدارانی عوسمانی پەسند نەبووە، بۆیە هەر لەم ساڵەدا ئەم ویلایەتە دابەشكراوەو تەنیا سنجەقە ئاساییەكان بۆ ویلایەتی دیاربەكر ماونەتەوە. هەرچی قەوارەو میرنشینە كوردییەكانیش بوو ویلایەتێكی نوێیان لێپێكهێنرا بەناوی (ویلایەتی كوردستان).[27] ئەوەتا بەپێی لیستێكی ساڵی 1527 دەولەتی عوسمانی لەهەشت هەرێم یان ویلایەت پێكدەهات، كە دووان لەمانە دیاربەكر وكوردستان بوون.[28]

دوای چەند ساڵێكی كەم دووبارە سنوور وهەژمونی ویلایەتی دیاربەكر فراوان بۆتەوەو چەندین میرنشین وقەوارەی كوردی لەخۆگرتووە. چونكە بەپێی لیستێكی ساڵی 1530 كە لەسەر بنەمای دەفتەرەكانی تاپۆ بنیادنراوە، ئەم ویلایەتە (16) سنجەقی لەخۆگرتووە كە ئەمانەن: ئامەد، خارپوت، ڕوها، ئەرغەنی، بیرەجك، جزیرە (میرنشینی بۆتان)، عیمادییە (میرنشینی بادینان)، حسنی كەیف (حوسن كەیفا)، ساسۆن، پالۆ، چەپاقچور، ئەگیل، ئاتاك، چەرمیك، حەزۆ، سنجار.[29] بەپێی هەندێ زانیاری تر هەر لەم ساڵەدا (1530) ویلایەتی دیاربەكر گەڕاوەتەوە سەر باری جارانی، واتە (ویلایەتی كوردستان)یشی لەگەڵدا تێكەڵكراوەتەوە. بەڵام ئەمەی دوایی ناوی خۆی لەدەست نەداوە، چونكە لەتۆمارێكی عوسمانیدا كە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1551-1550 دەستەواژەی "ولایت كردستان" دیاربكر"

[27] د.خليل على مراد، المفهوم الادارى والجغرافى لمصطلح "كردستان" فى مصادر العهد العثمانى، پرۆسیدینگی یەكەم كۆنفرانسی ئەكادیمی نێودەوڵەتی دەربارەی كوردو كوردستان لەمێژوودا/ كوردو كوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، بەرگی دووەم، هەولێر، 16- 18 نیسانی 2013، ص685.

[28] Colin Imber,op. cit, p.179.

[29] Halil Sahillioglu,Osmanli Doneminde Irakin Idari Taksimati, ceviren: Mustafa Ozturk, Belleten, Ankara, cilt, liv. Sayi:211, 1990, s.1237- 1238.

واتە ویلایەتی کوردستانی دیاربەکر بەکارهێنراوەو بەشەکانی ویلایەتەکەش ئاماژەیان پێدراوە. لەساڵانی دواتریشدا لەفەرمانەکانی سوڵتان بۆ والی دیاربەکر، دەستەواژەی "پاشکۆیەکانی لەمیرەکانی کوردستان" بەکاردەهێنرێ.[30] بەڵام ناشێ ئەمە لەهەموو ئەو ماوەیەدا هەر وابێ، چونکە لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵی 1545دا دەردەکەوێ کە لەم ساڵەدا ویلایەتی دیاربەکر تەنیا (14) سنجەقی هەبووە، کە ئەمانە بوون: ئامەد، ڕوها، ئەرەبگیر، ئەرغەنی، دێرو ئەلروحبە، سیڤەرەک، بەدلیس، عادلجەواز، خابور، سنجار، چەمیشگەزەک، ئەختمار، رەقە، ئاتاق.[31]



بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی سەدەی شازدەمدا شاری ئامەد (دیاربەکر) وەکو ناوەندی ویلایەتی دیاربەکر، دەسەڵاتی کارگێڕی بەسەر بەشێکی گرنگی کوردستانی عوسمانیدا ڕۆیشتووە. ئەمە لەسەدەکانی دواتریشدا هەر بەردەوام بووە، ئەگەرچی هەندێ جار هەڵکشان وداکشانی بەخۆوە بینیوە. تەنیا بۆ نمونە ئاماژە بەسەدەی حەڤدەم دەکەین؛ بەپێی لیستێکی ساڵی 1609 کە ئەمینی دەفتەری خاقانی (عەینی عەلی ئەفەندی) دایناوە، ئیالەتی دیاربەکر لە (19) سنجەق و(5) "حکومت" واتە میرنشینی مەزنی کوردی پێکهاتووە. لەنێو سنجەقەکانیشدا (11) سنجەقی ئاسایی عوسمانی و(8)یان هی بەگ وسەرۆکە کوردەکان بوون وبەشێوازی پشتاوپشت بەڕێوە دەبران.[32] بێگومان مەبەست لەمانەی دواییش قەوارەو میرنشینە کوردییەکانە. هەمان ئەم ڕێکخستنە لەکتێبی (جهاننما)ی (حاجی خەلیفە 1609-1657)شدا دووبارە دەبێتەوە کە مێژوونووس وجوگرافیناسێکی عوسمانییە،[33] کەواتە لەسەدەی حەڤدەمدا ئیالەتی دیاربەکر دووبارە فراوان بۆتەوە ودیسان چەندین میرنشین وقەوارەی کوردی لەخۆگرتووە.

لەهەموو ماوەی سەردەمی عوسمانیدا، تەنیا یەک جارو ئەویش بۆ چەند ساڵێکی کەم، شاری ئامەد پێگەی ناوەندی ئیالەتی لەدەستداوە، ئەویش کاتێک بوو کە لەساڵی 1847 لەهەنگاوێکی نایابدا ئیالەتێکی گەورە پێکهێنرا بەناوی (ئیالەتی کوردستان). ئەم ئیالەتە کەناوەندەکەی شاری ئەخلات بوو لەسەر دەریاچەی وان و زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستانی لەخۆگرتبوو،[34] لەساڵی 1849دا دیاربەکریشی گرتەوە.[35] واتە ئەم شارەش بووە یەکێک لەپاشکۆیەکانی ئەم ئیالەتە. بەڵام دوای دوو ساڵی تر (1851) ئەم شارە خۆی بووە ناوەندی ئیالەتی کوردستان و تا ساڵی 1284ک/ 1867- 1868ز پێکهاتەی ئیالەتی کوردستان کرا.

---

[30] خليل على مراد، المفهوم الاداری و...، ص685.

[31] بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية/ النصف الاول من القرن 10هـ 16م، مج1، استانبول 2010، ص293- 294.

[32] Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964, S.13- 14.

[33] بڕوانە: د. خليل علي مراد، الكرد وكردستان فی كتاب "جهان نما" لكاتب چلبي (1017- 1067هـ/ 1609- 1657م)، اربيل 2013، ص39- 40.

[34] خليل على مراد، المفهوم الاداری و...، ص686.

[35] هاكان اوزاغلو، م. س، ص100.

پێکهاتەی ئیالەتی کوردستان کرا، بەڵام ئیالەتەکە بارێکی تایبەتی پێدرابوو وجۆرێک لەخۆڕێبەری هەبوو. هەروەها والییەکانیشی لەنێو کەسانی شارەزاو بەتوانا هەڵدەبژێردران ومووچەی بەرزیان پێدەدرا. کاتێکیش دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەڵویستیان لەبارەی ناوی ئیالەتەکە (واتە: کوردستان) گۆڕی، لەم ساڵە نێوبراوەدا بەفەرمی ناوی (ویلایەتی دیاربەکر)یان لێنا.[36] بێگومان ئەمانەش بایەخ وگرنگی شاری دیاربەکر بەدیاردەخەن ورۆڵی ناوەندبوونی لەکوردستان دووپات دەکەنەوە.

لەم زانیارییانەی سەرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێ کە ویلایەتی دیاربەکر لەزۆربەی کاتدا لەسنوورێکی فراواندا بووەو هەروەها بایەخ وپێگەیەکی گرنگی لەدەولەتی عوسمانیدا هەبوو. بۆیە هەمیشە کەسانی گرنگ وپایەبەرز حوکمڕانی ئەم ویلایەتەیان پێ سپێردراوە. هەر لەسەرەتاوە (محەمەد بێغللی پاشا)ی سەرلەشکری عوسمانی لەرۆژهەڵات کرایە والی دیاربەکر، وەکو بینیمان. ئەم والییە تا مردنی لە (24)ی کانونی یەکەمی 1521 هەرحوکمڕانی ویلایەتەکەی کردووەو هەر لەم شارەش نێژراوە.[37] لەم بارەیەوە جێگەی تێبینییە کە هەندێ لەوالییەکانی ئەم ویلایەتە بەر لەوەرگرتنی ئەم پۆستە یان دواتر، پۆستی بەرزتریان هەبووە، بەتایبەتی پۆستی (سەدری ئەعزەم) کە دوای سوڵتان بەرزترین پایە بوو لەدەولەتی عوسمانیدا. کەواتە کەسایەتی گرنگ بوون لەدەولەتدا. لەنمونەی ئەم والییانەش ئاماژە بە (ڕۆستەم پاشا) دەکەین کە سەدری ئەعزەمێکی بەناوبانگی سەردەمی سلێمانی قانونی(1520 -1566) بوو. ماوەیەکیش (بەر لەساڵی 1541) والی دیاربەکر بوو.[38] هەروەها (مەلیک ئەحمەد پاشا)ش کە لەساڵی 1638 ببووە والی دیاربەکر، دواتر بووە زاوای سوڵتان مورادی چوارەم (1623 -1640) و لەساڵی 1060ک/ 1649- 1650ز پۆستی سەدری ئەعزەمی وەرگرت.[39] هەندێ جاریش کەسانی کورد حوکمڕانی ویلایەتی دیاربەکریان کردووە بەڵام سەربە دەزگای حوکمڕانی عوسمانی بوون. وەکو (کورد ئیبراهیم پاشا) کە لەماوەی بەر لەساڵی 1163ک/ 1749- 1750ز والی ئەم ئیالەتە بوو.[40]

## باسی سێیەم: ڕۆڵی دیاربەکر لەپێشهاتەکانی ناوچەکەدا:

لەسۆنگەی ئەمانەی کە باسمانکرد، دیاربەکر ڕۆڵێکی گرنگی لەناوچەکەدا دەگێڕا. بەتایبەتی لەچوارچێوەی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی عوسمانی وبەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکی و مەترسییە ناوەخۆییەکان. والییەکانی دیاربەکر لەسەردەمێکی زووەوە ئەمەیان سەلمان؛ هەرلەدەستپێکی سەردەمی سولتان سلێمانی قانونیدا (محەمەد بێغللی پاشا)ی والی دیاربەکر سێ ڕاپۆرتی لەسەر جموجوڵەکانی دەولەتی سەفەوی لەناوچەکە بۆ سوڵتان هەناردووە.[41] لێرەشدا دەولەتی عوسمانی سوودی لەهەڵکەوتەی ویلایەتی دیاربەکر بینیوە کە هاوسنوور بوو لەگەڵ دەولەتی سەفەوی ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری پێشهاتەکان بێت وبەر لەهەڕەشەکانی سەفەوی بگرێت، کە لەو دەمەدا بەدوژمنی سەرسەختی عوسمانی دادەنرا لەڕۆژهەڵاتدا.

(36) خلیل علی مراد، المفهوم الاداری و...، ص686- 687؛ هەروەها بروانە: هاکان اوزاغلو، م. س، ص98- 100.

(37) بروانە نووسراوی کێلی گۆڕەکەی لە: Mehdi ilhan, op. cit, p.15

(38) Colin Imber,op. cit, p.165.

(39) شمس الدین سامی، قاموس الاعلام، مهران مطبعەسی، مج1، استانبول 1306 رومی/ 1889م، ص793.

(40) هـ. س، ص562.

(41) بروانە دەقی ئەم ڕاپۆرتانە لە: فاضل بیات، م. س، ص73- 80.

سەرباری ئەمە، واڵییەکانی دیاربەکر بەهێزە سەربازییەکانی ویلایەتەکەیانەوە بەشداری کارایان هەبوو لەشەڕەکانی دژی دەوڵەتی سەفەویدا، نەخاسمە کە ئەم ویلایەتە نزیک بوو لەگۆڕەپانی ململانێی عوسمانی – سەفەوی؛ بۆ نموونە لەمیانەی شەڕەکانی سەردەمی سلێمانی قانونیدا ئاماژە بەڕۆڵی والی دیاربەکرو هێزەکانی دەکرێ لەڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری سەفەوی.[42] هەروەها لەساڵی 1585دا جەعفەر پاشای والی دیاربەکر شوێنی عوسمان پاشای گرتەوە لەسەرکردایەتی کردنی هێزەکانی عوسمانی لەتەورێز. ناوبراو کە بۆ ماوەی (8) ساڵ فەرمانداری تەورێز بوو، ڕووبەڕووی شاڵاوەکانی سەفەوی بۆوە کە دەیانویست دەڤەرەکە داگیر بکەنەوە.[43] شایانی باسە شاری دیاربەکر وەکو وێستگەیەک وسەرەڕێی لەشکرکێشییەکانی عوسمانی بۆ سەر دەوڵەتی سەفەوی، ڕۆڵی خۆی دەبینی. چونکە کەوتبووە سەر ڕێگای نێوان ئێران و ئەستەنبولی پایەتەختی عوسمانی. ئەوەتا سوڵتان مورادی چوارەم لەمیانەی هەڵمەتەکەی ساڵی 1638دا بۆ گرتنەوەی بەغدا، لەهەردوو سەردا بەم شارەدا تێپەڕیوە.[44]

لەسەرێکی ترەوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی سوودیان لەتوانا سەربازییەکانی ویلایەتی دیاربەکر دەبینی لەبواری سەقامگیری ئاسایشی ناوخۆدا. بۆ نموونە کاتێک (بەکر سوباشی) لەساڵی 1621دا لەبەغدا یاخی بوو،[45] حافز ئەحمەد پاشای والی دیاربەکر ڕاسپێردرا بۆ هێرشکردنە سەری وکۆتاییهێنان بەکێشەکە.[46] توێژەرێک ئاماژە بەوە دەکات کەویلایەتی دیاربەکر لەگەڵ هەردووو ویلایەتی موسڵ وحەلەب (کەوانی دڵنیایی)یان بۆ دەوڵەتی عوسمانی پێکدەهێنا لەدژی مەترسییەکانی سەفەوی و ئەو هەڕەشانەی کە لەدەڤەرەکە پەیدا دەبوون.[47]



لەهەندێ باری تردا دیاربەکر ڕۆڵی فریادڕەسی دەبینی، بەتایبەتی لەسەروبەندی تەنگەتاوی وپەیدابوونی قاتوقڕی لەویلایەت وهەرێمەکانی دەوروبەریدا. بۆ نموونە کاتێک لەساڵی 1898دا گرانی لەویلایەتی موسڵ پەیدابوو، دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بڕیاریاندا کە لەدیاربەکرو هەندێ ناوچەی ترەوە دانەوێڵە بۆ

[42] بڕوانە: حسن بیگ روملو، م. پ، ج3، ص1315.

[43] Colin Imber,op. cit, p.66.

[44] بڕوانە نەخشەی ڕێڕەوی هەڵمەتەکە لەپاشکۆی کتێبی:
Halil Sahillioglu, Dorduncu Muradin Bagdat seferi Menzilnamesi (Bagdat seferi Harp Jurnali) Belgeler: Turk Tarih Belgeleri Dergisi, cilt: X111, sayi 17 dem ayribasim, Ankara 1988.

[45] لەبارەی ئەم ڕووداوە بڕوانە: د. سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، اربيل 2006، ص228-230.

[46] تاريخ بجوى ابراهيم افندى/ التاريخ السياسى والعسكرى للدولة العثمانية، ت: ناصر عبدالرحيم حسين، مج2، القاهرة 2015، ص454-455؛ هامەر، م. س، ج9، استانبول 1335رومى، ص15.

[47] علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في اوضاعها السياسية والادارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل 1992، ص92.

موسڵ بنێردرێ.[48] نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە شاری دیاربەکر مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی بوو، چونکە چەندین ڕێگەی بازرگانی سەرەکی بەشارەکەدا تێپەڕدەبوون.[49]

بێگومان دیاربەکر ناوەندێکی زانست وڕۆشنبیریش بوو، بۆیە لەماوەی سەردەمیعوسمانیدا چەندین زانا وشاعیرو نووسەری تێدا هەڵکەوت.[50] هەندێ لەبنەماڵەکانی ئەم شارە کە لەتوێژی ڕۆشنبیر بوون، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی بەرچاویان لەبزاڤی ڕۆشنبیری وسیاسی کوردستاندا هەبوو. بەتایبەتی بنەماڵەی (جەمیل پاشای دیاربەکری) کە کەسانی وەکو (قەدری جەمیل پاشا) و (عومەر جەمیل پاش)ی تێدا هەڵکەوت. ئەم دووانە لەدامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکاندا شوێن پەنجەیان دیاربوو.[51]

دیارە ئەم گرنگییەی شاری دیاربەکر لەلای دەولەتە زلهێزەکانیش شاردراوە نەبوو، کە نوێنەرایەتییان لەدەولەتی عوسمانیدا هەبوو، بۆیە زۆربەیان بارەگای (کونسولی کوردستان)یان لەم شارە دانابوو. وەکو ڕوسیا کە لەساڵی 1878دا کونسوڵێکی بۆ کوردستان دیاریکردو بارەگاکەی لەدیاربەکر بوو. بریتانیاش لەهەمان ساڵدا کونسولێکی گشتی بۆ کوردستان دانا و شاری دیاربەکریشی کردە بارەگای زستانەی.[52] فەرەنساش کونسوڵێکی لەم شارە هەبوو. هەرچی ئەڵمانیا بوو، لەساڵی 1902 نوێنەرایەتی خۆی لەم شارە کردەوە. بەڵام بەگوتەی کوردناسێک ئەمە لەشێوەی نەخۆشخانەیەک بوو کە لەسەرەوە خەڵکی دەرمان دەکرد ولەژێرەوەش زانیاری پێویستی بۆ حکومەتی ئەڵمانیا دەنارد. هەروەها چەندین نێردراوی کاسۆلیکیش لەم شارە هەبوون.[53]



---

(48) بڕوانە وێنەی نووسراوێکی سەدری ئەعزەمی عوسمانی بۆ سوڵتان لە:
Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: Musul – Kerkuk ile ilgili Arşiv Belgeleri (1525- 1919), Ankara – 1993, s.597.

(49) لەتوێژینەوەیەکی ترماندا بەناونیشانی (ڕەوشی ئابووری و سیاسیی دیاربەکر لەژێر ڕۆشنایی گەشتنامەکانی سەردەمی عوسمانیدا)، کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، بەدرێژی باسی ئەم لایەتەمان کردووە. بۆیە بەپێویستی نازانم لێرە زیاتر لەسەری بدوێم.

(50) لەم بارەیەوە بڕوانە: ا. م .مینتیشاشڤیلي، کورد/ کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووریی ڕۆشنبیری وگوزەران، و: د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ2، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی دهۆك 2008، ل264-265.

(51) بڕوانە: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و: ئەنوەر قادرمحەمەد، ستوکهولم 1993، ل83.

(52) خليل على مراد، المفهوم الاداري و...، ص687- 688.

(53) مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل265.

# هۆکای ڕووخانی ماد

## بەشی یەکەم

**لە کتێبی: مێژوویی دێرینی کورد**

**نووسەر: ئاکۆ محەمەد میرزادەیی**



- **تۆڵە لە پشتی خۆت**
- **گەورەترین ناپاکی نەتەوەیی**
- **ناپاکی فەرماندە سەربازییەکان و وانەیەک بۆ دەسەڵاتدار و سوپای ئێستا و داهاتووی کورد**

**من باوەڕم وایە:**

**هەمیشە، ئەگەر دەستی دۆست نەبێت، هەرگیز دوژمن زاتی ئەوەی نیە، لە پشتەوە، خەنجەر لە پشتت بدات.**

**دەیان ساڵە، پرسیار لەسەر ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ماد هەیە و دەکرێت کە بۆ لەو سەردەمەدا ئەوان، لەو پەڕی بەهێزیدا بوون، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەسەڵاتەکەیان لە دەستدا و هەموو ئەوەیشی کە بە سەدان و هەزاران ساڵ باب و باپیرانمان پێکیان هێنا بوو، کەوتنە دەستی خەڵکانێکی بێگانە و تاڵانکران، وە خاک و خەڵکیان بەسەر چەندین ناوچەی جیاوازدا دابەشکرا: لە خوارەوە بە وردی، باس لەوە دەکەم کە هۆکاری ڕووخانی مادەکان و ناپاکی فەرماندە و سەربازییەکانیان لە سەدەی شەشی پێش زایین چی بووە و بە تایبەت ئەو ناپاکیە چۆنکرا و بۆ کرا:**

**ترسی لە دەستدانی دەسەڵات، وای لە ئیمپراتۆر ئاستیاگ کردبوو، تەنانەت بۆ هەموو خەونێک، کەسانی خەونشیکار بانگبکات و بۆچوونیانی لەسەر وەربگرێت، ئەو زۆر بە وردی گوێی لێدەگرتن و زۆریشی دەکرد تا واتای خەونەکەی بۆ لێکبدەنەوە!، وە باوەڕی زۆریشی بە وتەی ئەو کەسانە هەبوو کە خەونەکەیان بۆ لێکدەدایەوە.**

**شەو و ڕۆژ، ئاستیاگی مەزنی کورد، هەستی بەوە دەکرد کە شتێک بەسەر ئەودا دێت، بەڵام نەیدەزانی چۆن و بە چی شێوازێک دەبێت.**

**ئەوەیش وای کردبوو کە بەردەوام ئیمپراتۆر هەست بە سێبەرێکیتر لە تەنیشتی خۆیدا بکات، وە ترسی گەورەی ئەوە بوو، ئەو سێبەرە کەسێکی هاوخوێنی خۆی بێت و لە دەسەڵات دووری بخاتەوە، واتا حەزی ئەو بۆ دەسەڵات و ترسی لە دەستدانی، پشوویی لێبڕیبوو.**

**بەو جۆرە، ئاستیاگ، بەردەوام خەونەکانی بۆ خەونشیکار دەگێڕایەوە و ئەوانیش بە پێی ئاست و تێگەیشتنی خۆیان، خەونەکەیان بۆ لێکدەدایەوە.**

دوواجار خەوبینینێک وا دەکات ئیمپراتۆری ماد، کچەکەی خۆی بە کەسی مادی (کورد) نەدات و بیدات بە کەسێکی بێگانە، بەڵام نەیزانی ئەو بێگانەیە، دەبێت بە ڤایرۆسێکی کوشندە بۆ سەر خۆی و خەڵک و ئیمپراتۆرییەتی ماد.

وەک **هێرۆدۆت** باسی دەکات:



ئاستیاگ خەوێکی بینیبوو کە ماندانێی کچی، هێندەی پێشاو کردبوو، لافاو پایتەخت و ئاسیایی گرتبۆوە. ئیدی ئەو خەونە، وا لە ئیمپراتۆر دەکات بە خێرای بانگی کەسە تایبەتمەندەکان بکات تا بزانێت، چی ڕوو دەدات و واتای ئەو خەونە چیە: کاتێک هاتن و گوێبیستی ئاستیاگ بوون: بە خێرای و بێ دوو دڵی، بە مەترسی لێکیاندایەوە.

هەموو ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەیی ئیمپراتۆر، وا دەکات کە ئەو بڕیار بدات کچەکەی خۆی بە پیاوێکی بێگانە بدات، وە نەناسراو بێت و گومانی ئەوەیشی لێنەکرێت کە مەترسی دەبێت بۆ سەر دەسەڵاتەکەی کە ئەو کەسە پارسێک دەبێت بە ناوی **کامبیس**(ز):



لە ڕاستیدا، ئەگەر بە زمانی ئەم سەردەمە، باس لە کەسایەتی کامبیس(ز) بکەین، دەکرێت بڵێین: ئەو لە خێزانێکی نادیار و پلە نزم بووە، وە لە ئاستی ئەوەدا نەبوو، کچی خانەدانێکیشی پبدرێت نەک کچی ئیمپراتۆر کە دیارە ترسی ئاستیاگ هێندە زۆر بووە و بە جۆرێک چاوی لە کورسی دەسەڵات بووە: وای بە باش زانیوە کچەکەی بە کەسێکی لاکۆڵان بدات باشترە لەوەی کە بە گەورە پیاوێکی ماد (کورد)ی بدات تا کەس مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی نەبێت.

دووای شووکردنی کچەکەیشی بە کەسێکی بێگانە، ترس و خەو بینینی ئاستیاگ کۆتای نایەت، چونکی خەونێکیتر دەبینێتەوە کە ئەو جارەیان، خەونەکەی بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە کە کوڕی ماندانێی کچی دەبێت بە جێگرەوەی ئاستیاگ، ئیدی بەو شێوەیە، ترس و ڕاڕای ئاسمانی ئاستیاگ دادەپۆشێت.

ئیمپراتۆر **ئاستیاگ**، پیاوێکی توند بوو، کەسێک بوو، ڕقی زۆری لە درۆ بوو، ئەو کەسێکی دادوەر بوو، بۆ هەموو کەس یەکسان بوو، بەڵام، حەز و خۆشەویستی بۆ کورسی دەسەڵات، نەخۆشییەکی کوشندە بوو.



دوواتر که ماندانێ، منداڵێکی دەبێت (کوروش)، هەر ئەوکات ئاستیاگ بە خۆی دەکەوێت تا زوو لە ژیان نەیهێڵێت، چونکی پێشتر خەون شیکارەکان، مەترسی ئەو منداڵەیان پێڕاگەیاند بوو، وە بۆ ئەوەی پێش بەو ڕووداوە بگرێت، بڕیاری کوشتن بۆ منداڵەکە دەر دەکات کە هەر ئەوکات، بانگی هارپاگ دەکات بۆ ئەوەی بە زوویی ئەو منداڵە بکوژێت.



هارپاگ گەورە پیاو و خانەدانێکی ماد (کورد)ی بوو لە هەمان کاتدا لە کۆشکی شاهانەدا، متمانە پێکراوترین کەسی ئاستیاگ بوو.

ئاستیاگ ئەو ڕا دەسپێرێت کە کوروش ببات و بیکوژێت و لە شوێنێکدا بینێژێت، هارپاگ بەڵێن دەدات ئەو کارە جێبەجێ بکات، بەڵام هارپاگ تەنیا بە زار ئەو بەڵێنەی بە ئاستیاگ دەدات و نایەوێت بە دەستی خۆی ئەو کارە ئەنجام بدات، هەر بۆیە، منداڵەکە بە شوانێک دەسپێرێت تا ئەو بیکوژێت یان لە دارستانێک فڕێی بدات کە پڕ بێت لە ئاژەڵی دڕندە.

دوواتر بەهەر شێوازێک بێت، شوانەکەیش، فەرمانەکەی هارپاگ جێبەجێ ناکات و منداڵەکە بۆ خۆی هەڵدەگرێتەوە.

ئاستیاگ-ی گەورەی کورد، کەسێکی ژیر و لێهاتوو بوو، خەڵک و خاک و نەتەوەکەی خۆی خۆش دەویست. لە سەردەمی ئەودا، کوردان، شکۆمەندترین مرۆڤی ناوچەکە بوون، بەڵام ئەو سروشتێکی هەبوو:

هیچ کات لە بەرامبەر درۆکاراندا، لێبوردە نەبوو، چونکی دەیزانی هەر درۆیە کە سەر دەکێشێت بۆ ناپاکی و ون کردنی ڕاستییەکان.

- زۆری نەبرد، ئاستیاگ، بە هەموو شتێکی زانی، بە تایبەت زۆری پێناخۆشبوو کە هارپاگ لەگەڵیدا، ڕاستگۆ نەبووە.

- ئەو بەردەوام بانگی دەکرد تا لە بەردەم کورسی شاهانەدا، بۆ زۆرینەی پرس و بابەتەکانی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتی: گوێی لە بۆچوون و وتەکانی بگرێت، بەڵام کاتێک بینی ڕاستگۆ نەبووە: مات و بێدەنگ بوو کە چۆن بەو شێوەیە، بێدەنگی لەو بابەتە کردووە و لە فەرمانی دەرچووە.

-کوشتنی کوڕی هارپاگ



دووایی ئەوەی ئاستیاگ دەبینێت و دەبیستێت کە هارپاک بە شێوەیەکی کردەیی بڕیارەکەی ئەوی بۆ کوشتنی کوروشی فارس جێبەجێ نەکردووە و پشتگوێی خستووە، هیچ خۆی تێک نادات و ئەوە لە ڕوویدا دەر ناخات کە سزای دەدات، ئەوەیش بۆ ئەوەی تا زیاتر بیر بکاتەوە: دوواتر بە شێوەیەک وەڵامی ئەوە پشتگوێخستنەی هارپاک دەداتەوە کە بۆ هەمیشە لە بیری نەچێت، ئەویش: کوشتنی منداڵەکەی بوو تا بیکات بە وانەیەک بۆ هەموو ئەوانیتر.

هەرچەندە، ئاستیاگ، حەزی زۆری بۆ دەسەڵات هەبوو، بەڵام لای ئەو وا بوو، فەرمانڕەووایی سنووریکی ئاوا گەورە و فراوان، بە دڵێکی نەرمەوە ناکرێت.

ئیدی بۆ تۆڵەی پشتگوێخستنی فەرمانەکەی و وانەیەک بۆ هەموو ئەوانیتر، ئاستیاگ بڕیار دەدات منداڵەکەی هارپاگ بکوژێت و لەت لەت بکرێت، وە داوا دەکات بیکوڵێنن و بیبرژێنن، وە دەبێت بۆ خوانی ئێوارە، گۆشتی منداڵەکە بخرێتە بەردەم، هارپاگی باوکی تا تێری لێدەخوات.

بەو جۆرەی کە ئیمپراتۆر فەرمانی کردبوو، کارەکان ئەنجامدران و جێبەجێکران.

دوواتر هارپاگ بەوە دەزانێت کە گۆشتی منداڵەکەی خۆی خواردووە، وە دەیشزانێت کە هۆکاری سەرەکی کوشتنی منداڵەکەی، خودی خۆی بووە، چونکی هەڵەی گەورەی کردووە و فەرمانی ئیمپراتۆری جێبە جی نەکردووە.

ناچار بوو، ئەویش بێدەنگ بێت.بەو جۆرە ئیمپراتۆر، لە تۆڵەی بیگوێی و پشتگوێ خستنی فەرمانەکانی، منداڵەکەی هارپاگ دەکوژێت و گۆشتەکەیشی دەر خوارددا.

هارپاگ دووای ئەوەی کوڕەکەی خۆی بە لەت و پەتکراوی بینی و لە هەمان کاتدا، گۆشتەکەیشی دەرخواردردا، ئیدی ئەوە ببو بە زامێکی قوڵ بەسەر دڵییەوە و بە بەردەوامی لە دەرفەتێک دەگەڕا تا تۆڵەی منداڵەکەی لە ئاستیاگی گەورە و ئیمپراتۆری ماد بکاتەوە.

هەرچەندە، ئەو گەورە پیاوەی ماد (کورد) وا خۆی دەر دەخست کە هەموو شتێکی لە بیر کردووە و ئەوەی ڕوویداوە، شتێک بووە لە دەسەڵات و توواناى ئەودا نەبووە، بەڵام بە شێوازێکی زۆر نهێنی بۆ تۆڵەی منداڵەکەی، کاری لەسەر ڕووخان و لە ناو بردنی دەسەڵات و سوپای کوردی سەدەی شەشی پێش زایین دەکرد.

بەڕاستی ترسناک بوو، چونکی لەو کاتەدا، هەر ئاستیاگ نەبوو کە لە مەترسیدا بێت، لێ هەموو کورد لە لێواری مەرگدا بوو، چونکی تارمی ناپاکەکان، لە ناو کۆشکی شاهانەدا بوون. دەسەڵاتدار بوون، نرخ لە وتەکانیان دەگیرا و لەسەروویی هەمووانەوە دەوەستان و گوێیان لێ دەگیرا.



**هەڵبەتە** هارپاگ لە کۆشکی شاهانە و لای ئاستیاگ ڕێزی زۆری لێدەگیرا، بەڵام لێرەدا، هەڵەی گەورەی ئیمپراتۆر ئاستیاگیش ئەوە

بوو کە هەر زوو هارپاگی بە بەندکراوی دوور نەخستەوە، وە لە دەسەڵاتیش دەری نە کرد تا مەترسییەکان دوور بخاتەوە کە لە ڕاستیدا هێشتنەوەی هارپاگ لە کۆشکی شاهانەدا، وەک ئەوە بوو، ئاستیاگ-ی گەورەی کورد، مارێکی ژەهراوی بۆ کوشتنی خۆی بە خێو بکات کە هەر وایش بوو. هارپاگ بە شێوەیەکی نهێنی، بەردەوام بوو لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ کوروشی فارس، لەسەر ئەوەی چۆن بتوانن ڕوو بە ڕووی ئاستیاگ ببنەوە و دەسەڵاتەکەی لێ بسێنن و لە هەمانکاتدا ئەو بهێننە سەر تەختی دەسەڵات. واتا ڕقی هارپاگ هێندە زۆر بوو، لە بری ئاستیاگ، هەوڵی لە ناو بردنی هەموو کوردی دەدا.

کاتێک کوروش بە نیازی هارپاگی زانی کە ئەو مەبەستێتی نەک تەنیا ئاستیاگ لە ناو ببات، بەڵکو لە تۆڵەی منداڵەکەی، نیازی لە ناو بردنی هەموو ماد (کورد)ی هەیە، ئیدی ئەو بابەتە زیاتر هانی کورشی-دا  تا ئەویش لە ناوچەی پارس، لای خۆیانەوە ئامادەکاری بۆ ئەو بابەتە بکات.

وەک **هێرۆدۆت** دەڵێت:

ئاستیاگ لەو ماوەیەدا، زۆر دڵڕەق و بی بەزییانە لەگەل خەڵکی ماد دەجوڵایەوە و ئەوەیش ببووە هۆی ئەوەی هارپاگ بەختی گفتوگۆی لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی ماد (کورد) هەبێت تا لەگەڵی هاوکار بن و هاوکات ئامانجەکەی خۆیشی کە تۆڵە سەندنەوەی کورە تاقانە سیازدە ساڵانەکەی بوو لە ئاستیاگ  بکاتە وە و لە وێیشە و بکاتەوە و لەوێیشەوە کورش بهێنێتە سەر کورسی دەسەڵات.

لێرەدا، ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کە ئەگەر هاندانی هارپاگ نەبووایە، هەرگیز پارسەکان زاتی ئەوەیان نەبوو، بەرامبەر بە مادەکان بجەنگن و ڕوو بە ڕوویان بووەستنەوە، چونکی کاتێک هارپاگ نامەکەی بۆ کوروش دەنێرێت: ئەوکات ئەو لە ناو کەس و کاری خۆیدا دەبێت لە ناوچەی پارس، پێی دەڵێت: پێویستە پارسەکان هان بدەیت دژی مادەکان بجەنگن کە لێرەدا مەبەستی هارپاگ ئەوە بووە کە ئەگەر کوروش و پارسەکان، مەیلی جەنگیان دژی مادەکان هەبێت، ئەوکات **ئاستیاگ**-ی مەزن هارپاگ دەنێرێت تا لە بەرامبەر فارسەکاندا بجەنگن یان یەکێک لەو فەرماندە سەربازییانە دەنێرێت کە پێشتر هارپاگ گفتوگۆی ناپاکی لەگەڵ کردبوون.

واتا هارپاگ هەموو لایەکی لە ئیمپراتۆر گرتبوو، چونکی زۆربەی فەرماندە سەربازییەکانیشی بردبووە سەر هەمان ڕێچکە و ڕێبازی بیر کردنەوەی خۆی کە وای دەر خستبوو، ئاستیاگ باش نیە و پیر بووە و دەبێت کورش بخرێتە جێگاکەی کە لە ڕاستیدا، ئامانجی هارپاگ تۆڵە کردنەوەی کورەکەی بوو.

ئەوەی **هارپاگ** کردی:

گەورەترین ناپاکی نەتەوەیی بووە لە دیرۆکدا ، چونکی ڕاستە کوشتنی منداڵەکەت بە ئازارە، بەڵام کوشتنی هەموو منداڵان و فرۆشتنی خاک و دەسەڵات و نەتەوەکەت، هەزاران جار بە ئازارترە و تاوانێکی گەورەترە.

بەو جۆرە وەک **هارپاگ** خۆی لە نامەکەیدا بە **کوروش** دەڵێت: ئامادەکاری کردووە و تەنیا جوڵەی ئیوەی پارسەکان بەسە تا فەرماندە سەربازییەکانی ماد، ئاستیاگ لە دەسەڵات دوور بخەنەوە یان دەسەڵاتی ماد برووخێنن و پارسەکان جێگایان بگرنەوە **کوروش** لەو کاتەدا هیچی بە دەست نەبوو، بەڵام دەبوو شتێک بکات تا پارسەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە و بتوانن دژی مادەکان بووەستنەوە هەر بۆیە، کورش بە درۆوە نامەیەکی بەناوی ئاستیاگەوە نووسی و خۆی وەک سەر کردەی پارسەکان دەست  نیشان کرد.



هەڵبەت لەو نامەیەدا، کوروش وای بە فارسەکان ووت کە ئاستیاگ
ئەوی هەڵبژاردووە و دەست نیشانی کردووە وەک گەورە و ڕێبەری فارسەکان.
بێگومان نووسینی ئەو نامەیە بەبێ پشتیوانی هارپاگ و سەرکردە و فەرماندە سەربازییەکانی ماد نەدەکرا، ئەگەر ناپاکی فەرماندە سەربازییەکانی ئەوکاتی ماد (کورد) نەبووایەوە، هەرگیز فارسەکان بوێری ئەوەیان نەدە کرد لە بەرامبەر مادەکاندا بجەنگن.
دووای خوێندنەوەی نامەکە و پشت قایم بەوەی ئیدی ئەو گەورەی فارسەکانە، کوروش بە کرداری دەست بە جێبەجێ کردنی سیناریۆکەی دەکات تا خەڵکەکەی خۆی وا لێ بکات پشتگیری بکەن، بە جۆرێک هەموو فارسەکان کۆدەکاتەوە کە بە دوو جۆر وێنە وایان لێدەکات، جەنگ لە بەرامبەر مادەکان (کورد) بکەن:

- یەکەم ماندوو کردن و
- دووەم خۆش ڕابواردن و ژیانێکی خۆش.

دوواتر، فارسەکان هاندەدات کە سەر پشکبن لە نێوان ژیانێکی خۆش و ناخۆشدا، بێگومان خەڵکی پارس ڕۆژی خۆشی و شەرابیان هەڵبژارد.

بەو جۆرە فارسەکانی جوڵاند بەرەو جەنگ.

بەڵام لە کاتی قسەکانیدا کورش دان بە ڕاستیەکی دیرۆکیدا دەنێت کە ئەویش پارسەکان، خزمەتکار و کۆیلەی مادەکان (کوردی دێرین) بوون و دەڵێت:

ئەی پیاوانی پارس، ئەوەی بینیتان کە جیاوازی دوو ڕۆژ چەند زۆر بوو. ئەگەر گوێ لە من بگرن دەبنە خاوەن ئەو هەموو خۆشیە،

بەبێ ئەوەی وەکو کۆیلە بچەوسێنەوە. بەڵام ئەگەر بە قسەم نەکەن، زۆر زیاتر ناخۆشی لە وێنەی دوێنێ چاوەڕووانیتان دەکات. من بۆ ڕزگاری ئێوە هاتووم و ئێوەی پلەتان لە مادەکان نزمتر نیە.
هەڵبەت تا ئەو ساتەیش فارسەکان، بە شێوەیەکی گشتی کۆیلە و خزمەتکاری مادەکان بوون.

کاتێک ئاستیاگ ئەوە دەبیستێت کە فارسەکان نیازیان باش نیە، خێرا سوپای ماد دەنێرێت بۆ لە ناو بردنیان، وە هەر لەو کاتەدا هارپاگ دەکات بە فەرماندەی سوپای ماد.
پێش گەیشتنی سوپای ماد، کوروش ترسی فارسەکانی لەوە دەشکێنێت کە بەشێکی زۆر لە سوپای ماد (کورد) جەنگ لە دژیاندا ناکەن و پشتگیریان دەکەن، ئیدی کاتێک فارسەکان بینیان بەو شێوەیە بەشێکی زۆری فەرماندە سەربازییەکانی ماد و بەشێکی زۆر لە سوپاکەیان پشتگیری فارسەکان دەکەن و دژی خەڵک و خاکی خۆیان دەجەنگن، لەوە دڵنیا دەبنەوە کە شکست ناهێنن.

سوپای ماد گەیشتە ئەو ناوچەیەی کە کوروش و فارسەکانی لێبوون، ئەوێ کە وەک جێگای ڕوو بە ڕوو بوونەوە دیاری کرا بوو: لە ئێستادا بەو شوێنە دەڵێن: پاسارگاد، هەر لەگەڵ دەستپێکی جەنگدا، هارپاگ و بەشێکی زۆر لە فەرماندە و سەربازانی سوپای ماد، جەنگیان نە کرد و دەرگای شکستیان کردەوە و خۆیان وا دەر خست کە هەڵدێن.

لەوێدا هارپاگ و هەموو فەرماندە سەربازییەکانیتری سوپای ماد (کورد)، چونە پاڵ سوپای دووژمن و لەگەڵ کوروش و فارسەکاندا یەکیان گرت و بەرەو پایتەختی مادەکان بەڕێکەوتن و گەورەترین دەسەڵاتی کوردیان لە دیرۆکدا ڕووخاند.

**هێرۆدۆت** دەڵێت: بەشێکی زۆری سوپای ماد کوژران، چونکی بەو ناپاکیەیی هارپاگ و فەرماندە سەربازییەکانیان نەزانی بوو.
بەو شێوەیە، ئەو خاکەی کە هەزاران ساڵ بوو بە خوێن و ماندوو بوونی کورد، بە دەست هاتبوو، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، فەرماندەیەکی سەربازی ماد (کورد) لە ناپاکییەکی گەورەدا، ڕادەستی دوژمنەکانی کرد.
لە کۆتایدا دوایی دەستگیر کردنی ئاستیاگ، ئەو زۆر لەوە پەشیمان بوو کە هارپاگی وەک متمانە پێکراوترین فەرماندەی سوپاکەی هەڵبژاردبوو، وای دەزانی ئەو هەر دڵسۆزەکەی جارانە و هەرچیەک بێت کەسێکی مادییە، بەڵام نەیزانی ئەو بۆ تۆڵە سەندنەوەی منداڵەکەی، دەبێت بە ژەهر و خۆی و ئیمپراتۆرییەت و ملیۆنان کورد لە ناو دەبات.
ئاستیاگ لەو کاتەدا بە هارپاگی دەگوت کە تۆ ئەوەت دژی من کرد با خۆت ببیتە پادشا نەک کەسێکی پارس.
تا ئەو ساتەیش کە ئاستیاگ گیرا بوو، ئەو هەر داوای دەکرد کەسێکی ماد بکرێتە پادشا نەک کەسێکی فارس.

**ئاستیاگ** دەیگوت:
مادەکان نەتەوەیەکی دەسەڵاتدارن، نابێت فارسە کۆیلەکان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. ئەگەر هارپاگ خۆی ئەو ئەرکە بە ئەستۆ ناگرێت با کەسێکی ماد بە ئەستۆی بگرێت.

بەڵام هارپاگ و فەرماندە سەربازییەکانیتر، ئەو ووتانەی ئاستیاگیان پشتگوێ خست و بەو شێوەیە وەک هێرۆدۆت دەڵێت:

ئاستیاگ دووایی سی و پێنج ساڵ پادشایەتی کردن، دەسەڵاتی لە دەستدا و مادەکان بوون بە ژێر دەستەیی پارسەکان.

**دوواتر ئاستیاگ بەندکرا تا ئەوکاتی ژیانئاوایی کرد.**
**بە شێوەیەکی گشتی، چیرۆکی ئیمپراتۆر و ناپاکی هارپاگ و ڕووخانی مادەکان کە سێیەم سەردەمی زێڕینی کورد بووە لە دیرۆکدا، وانەیەکە بۆ ئێستا و داهاتووی کورد کە خاک و نەتەوە و نیشتیمان لە چوار چێوەی حەزی کەسێکدا کۆ نەکرێتەوە و لە هەمان کاتدا، پێدانی پلە باڵاکان بە هەر کەسێک بێت، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بێت، لە ژێر چاودێری بێت و سنووردار بێت تا مێژوویی ناپاکی و وێرانکاری و کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و ئاوارەیی زیاتر ڕوو لە کورد نەکاتەوە.**





# “کوردستان لانکەی سەرهەڵدانی ئاژەڵداری وکشتوکاڵ و پیشەسازی یە”

م. هۆگر حسن پیرداود خەمان
ماستەر لە مێژوو
زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر..
hogir.pirdawood@su.edu.krd

لە دێر زەمانەوە تاکەکانی کورد خاوەنی بەهرەو تواناو سەلیقەو خوڵیای رەسەنی خویان بوون و هەموو پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان فەراهەم دەهێنا، بە سود وەرگرتن لەو سروشتە جوان ورازاوە وخاکی بە پیت وسامان وکانزا زۆرەی کە خوا پێی بەخشیون، داهێنەرو داینەموی ژیانی تازەو نوێکاری بوون بۆ کات و سەردەمی خۆیان. پیشە جۆراو جۆرەکان لە کوردستانەوە نەش ونمای کردو مرۆڤە پێشینەکانی کورد دەستپێشخەر بوون لە کارو چالاکی و بەرەو پێشبردنی ژیانیان.

کوردستان دادەنرێت بە یەکێك لە ناوچە هەرە کۆنەکانی نیشتەجێ بوون  وپەیدابوونی چالاکیە ئابووریەکانی ئادەمیزاد لە جیهاندا،  شوێنەوارو پاشماوە بەجێ ماوەکانی کۆن و ئەو کالاّ وکەلّ و پەلّ وئامرازانەی دۆزراونەتەوە، راستی ودەرخەری ئەوەیە  رەگ وریشەی چالاکیە ئابوورییە جۆراو جۆرەکانی ، ئاژەڵداری و کشتوکالّ کردن و پیشگەری وپیشە دەستیەکان لە خاکی کوردان خۆیان نەش ونمایانکردوەو داهێنەری بوون تەنانەت بە ناوچەکانی جیهان بلاوبوونەتەوە، بۆ نموونە کشتوکالّ لە جیهان بۆ یەکەم جار لە کوردستان سەی هەڵدا.

له قۆناغه یەك بەدوا یەكا هاتووەكانی دیكەش دا، كوردستان بێشكەی پیشە جۆراو جۆرەكان بووە، بە ئاماژەی ئەو گەریدە بیانیانەش كە هاتونەتە كوردستان تا پێش هاتنی سەدەی بیستەم، خەڵكی كوردستان تەنیا پشتی بە ئامرازو كاڵاو جل وبەرگ وخۆراك ی دروستكراوی ناوخۆ بەستوە بۆ دابینكردنی پێداویستیە جۆراو جۆرەكانی ژیان و لە دەرەوە نەیانهێناون و لە رووی ئابورییەوە پشتیان بە خۆیان بەستووە تەنانەت بۆ دەرەوەش دەنێردرا ئەوەی لە پێویستی ناوخۆ زیادبووا.





رالف سولیكی (ئەشكەوتی شانەدەر) ی سەر بە پارێزگای هەولێر (50- 60) هەزارساڵ پ.ز ،مرۆڤی تێدانیشتەجێبووە لە كوردستان. لەم قۆناغەدا، خەڵكی كوردستانی كۆن لەسەر كۆ كردنەوەی خۆراك وراوكردنی ئاژەڵ دەژیان لەسەرەتادا، هەر نێچر یان ئاژەڵێكی راوكردبا دەیان خوارد، بەڵام دواتر بیرۆكەی هێشتنەوەی ئاژەڵ سەریهەڵدا، كاتێك راوكردن بۆ خۆراك بەبرسیەتی گران بوو.لەم قۆناغەدا ئەوەی راوی كردبا هەمووی نەدەخواردو بەڵكو پارێزگاری لێدەكرد كاتێك برسیبوا دەیكردە خۆراك،

چالاكی ئاژەڵداری بەخێوكردنی مەرومالاَت ریشەیەكی لە مێژینەی هەیە لە كوردستان و دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە پەنجا هەزارساڵ پ.ز، ئەوانەی لە ئەشكەوتەكان دەژیان دەستیان داوەتە ماڵی كردنی ئاژەڵ. پێش دروستبوونی گوند ژیان لەئەشكەوتەكان بووە، بە شایەدی شوێنەوارناسی ئەمریكی Ralph Solecki

بەمەش سەرەتای چاودێریكردن و ماڵی كردنی ئاژەڵ و هاتەكایەوە لە ئەشكەوت، دواتر بەخێوكردن وچاودێریكردنی رانی مەرومالات بۆ شیرو گۆشت و خوری وپێستەو پێداویستیەكانی دیكە هاتەكایەوە. بۆیە سەرەتاكانی سەرهەڵدانی ئاژەڵداری لە كوردستان بەلاَیەنی كەم دەگەرێتەوە بۆ 50 هەزار ساڵ پ.ز.

به بەردەوامی بەخێوکردنی مەڕومالاَت لە لایەن کوردەکانەوە شوێنی دیاری هەبووە، سەرنجی نێردەو ڕێبوارانی ڕاکێشاوە. گژوگیاو لە وەرگاو پاوانە زەوەندەکانی شاخ ودۆلەکان سنوری پەروەردەکردنی ئاژەڵیان فراوان ودەولەمەندتر کردبوو. هەرچەندە ئەستەمە وەکو شوێن ناوچەکانی دیاریبکرێت، بەلاَم بەشێوەیەکی شتی ئاماژە دەکرێ، ناوچە شاخاوی ودۆلەکان زیاتر شوێنگەی لەوەڕاندنی مەڕومالات بووە.

لە پێناوی ئەنجامدانی پیشەی ئاژەڵداری و لەوەرگا بۆ ئاژەلەکانیان، ئاژەڵدارەکان گەرمێن وکویستانیان دەکرد، لە کۆتایی وەرزی بەهاردا بۆ ناوچە یەکجار ژووروووەکان کۆچیان دەکرد کە لە نیو کوردان ناسراوە بە( کویستان)وە لە کۆتایی وەرزی پایزدا دەگەڕانەوە بۆ ناوچە دەشتە دەولەمەندەکان کە ناسراوە بە (گەرمیان) ، بەفر شاخەکانی پێ جێدەهێشتن و ڕوویان دەکردە پێدەشتەکانی خوار، لە بەهاردا جارێکی دیکە ڕوودەکەنەوە بەرزاییەکان، بە زۆریش مەرو بزنیان بە خێو دەکرد. بۆ نمونە هۆزی جاف لە وەرزی هاوین دا دەچوونە ناوچەکانی زریبار لە ناوچەکانی هەورامان و لە زستانانیش ناوچەکانی دوزخورماتو تا نزیك بەغدا دەبوونەوە.

تەنانەت بە کاری بازرگانیش خەریك بوون کۆچەریەکان، بۆ نمونە عەشیرەتی هەرکی لەگەڵ کۆچ کردنەکەیان لە ئێرانەوە خوێ یان دەهێنا بۆ عێراق لە عێراقیشەوە جۆ وگەنمیان دەبردەوە ئێران دەیانفرۆشتەوە.

### کشتوکاڵ:

یەکێکە لەو چالاکیە ئابوریانەی، مێژوویەکی دێرینی هەیە لە کوردستان. دوای بەسەر بردنی ماوەیەکی زۆر لە ئەشکەوتەکان و گەشەکردنی ئابوری دوای ماڵیکردن وبە خێوکردنی ئاژەڵ، وای لە مرۆڤ کرد بیر لە دروستکردنی خانوی گوند بکاتەوەو گوندی زاوی چەمیَ کە شوێنەکەی دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ئەشکەوتی شانەدەر، دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 10دە هەزار ساڵ پ.ز. بە کۆنترین گوند دادەنرێت کە دۆزرابێتەوە، نیشتەجێ بووەکانی ئەم گوندە بە کۆنترین خەلك دادەنرێن لە جیهاندا کشتوکاڵ یان کردبێت و بە شۆرشی کشتوکاڵی





دادەنرێ لە باشوری ئاسیاو جیهان بەگشتی بە گوێرەی هەلکۆلینەکانی رالف سولیکی.

لەو کاتەوە خەڵکی کوردستان دەستیان داوەتە داچاندن وکشتوکاڵ کردن وشارەزاییان لە بواری داچاندن پەرەی سەندووە. جووتیارانی کوردستان بە شاهێدی وگەواهیدانی گەریدەکان زۆر پەرۆش وهۆگری خاك وداچاندن بوونە، لە کوچی هەرە دووری کوردستان وناوچە جیاجیاکان بەروبوومی جۆراو جۆریان چاندوە گەشەپێداوە، پێداویستی ناوخۆی پێ پرکراوەتەوەو ئەوەی لە خۆیان زیاد بووە، ناردراوەتە دەرەوەی کوردستان یاخود هەڵگیراوە بۆ وەرزێکی دیکە، سەرەرایی ئەو ئاستەنگ وکێشانەی رووبەڕوویان بۆتەوە.

لەم رووەوە کۆمەڵێك هۆکار یارمەتی پەرەسەندنی بەروبوومی کشتوکاڵیان داوە، کە خۆیان لە بەپیتی خاك ، هەبونی سەرچاوەی ئاوو باران، بەرزی رێژەی شێ وگونجاوی وەرزەکان بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی هەمە جۆر دەبینێتەوە.

بە پیتی خاکەکەی هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ زۆری و رسکانی بەرهەمەکانی، هەروەکو ئەولیا چلبی گەرۆکی تورك، دەڵێ: بەرهەمی کەلەمی شاری وان لە هەموو دونیا بەناوبانگ بوو، دووانی باری وشترێکەو پەڵکی زۆرتەنکەو یەکی بەقەدەر ورگی فیلێك دەبێ، وەسێوی مەلاتیە شار بەشارو وولات بە ولات بە دیاری دەروا تەنانەت بۆ سولتانەکانیش دەبردرێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی کشتوکاڵ لە کوردستان، خۆی دەبینیتەوە لە بەرزی رێژەی شێ لە هەندیك ناوچەکانی کوردستان وەك بانە کاری



کردبووە سەر باشتربوونی دارستانەکانی ناوچەکەو بەرهەم دارتربوون وەك داری بەڕوو(دمۆرگان 1893، ل30) ، جیمس برانت لە 1834سەردانی کوردستانی کردوە، شێوەی کشتوکاڵی ناوچەکەی بەدڵ بووەو ئاماژە بەووەدەکات، بەرزی رێژەی شێ هۆکارێکی یارمەتی دەربوو، ئەگەر بۆ ماوەی چەند مانگێك باران نەبارێت، دواتر 10دە رۆژ باران بارین بەس بوو بۆ سەرهەڵدانی رووەك وسەوز بوونی زەوی، وەك ناوچەکانی باکوری رۆژ ئاوای کوردستان.




گونجاوی وەرزەکانی کوردستان دیوێکی تری سەرکەوتن وگەشەکردنی کشتوکاڵ بووە لە کوردستان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەموو جۆرەکانی دارو میوەو سەوزەی تێدا بروێنرێت لە وەرزەکانی ساڵدا

له ناوچەی بدلیس هەرجۆرەداریك هەبی لەوێ هەبووە، ناوچەکانی دوزخورماتووله باشور، سەرپۆل وقەسری شیرین لە رۆژهەلآتی کوردستان خورماش هەبوو.

دکتۆر روس گەریدەی بەریتانی:لە نیوەی یەکەمی سەدەی 19هاتۆتە کودستان، لە هەولێر لە بارەی کوردەکان بۆچوونی خۆی دەربریوەو گووتوویەتی، بۆ کەلٓ وپەلٓ وپێویستی ژیانیان لە هیچ شوێنێکەوە نایهێنن بەلٓکو خۆیان هەموو شتێك بەرهەم دەهێنن ،بەرو بومی کشتوکاڵی ناوچە دەشت ودۆڵەکان کەمترە لە چاو ئەو هەوڵە زۆرە ی بۆی خەرج دەکری لەگەلٓ ئەوەش دا ئازوقەو سامانێکی لەبن نەهاتوە بۆیان لە کشتوکاڵ ومەرومالآت.



## پیشەگەری و پیشەسازی:

خەلکی کوردستان هەر لە کۆنەوە دەست رەنگین ولێهاتووبوونە لەپیشەگەری وپیشە دەستیە جۆراو جۆرەکان، ئەمەش لە سەرچاوەکان وئەو کەرستەوپاشماوە شوێنەواریانە بە روونی دیارە. ئامرازو پێویستیەکانی کارکردن وجلٓ وبەرگ و خۆراك و کالآی دیکەی ژیانی رۆژانە دەستکردی خۆیان بووە لەم رووەوە کوردستان بەیەکەم شوێن دادەنرێت لە بەکارهێنانی کانزا بۆ دروستکردنی ئامرازی ساکار بە کوتینی مس.

بە گوێرەی لێکۆلینەوەکانی بریدوود مامۆستای زانکۆی شیکاغۆ، کە لە نێوان سالانی 1948_1955ز، لە گوندی چەرمۆ ی 11کم رۆژهەلآت ی چەمچەمالٓ کردوویەتی، وێرای کشتوکاڵ وئاژەلٓ بە خێوکردن.

دانیشتوانی گوندەکە ئامرازو کەلٓ و پەلەکانیان خۆیان دروستیان کردوون و دەگەرێتەوە بۆ 7 هەزار سالٓ پ.ز. ملاکی لە ئیسك دروستکراو دەرزی هەبووە کە ئاماژەیە بۆ پیشەی رستن ودروون، وە ئامرازی لە بەرد دروستکراوی وەك تەور و دەستار دۆزرابوونەوە، ئاماژەی سەرەتاکانی پیشەسازییە بە واتای ئەمرۆ.لەوکاتەوە بە بەردەوامی پیشەگەری وپیشەسازی پەرەی سەندووە لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان. دەست رەنگینی خەلك ودانیشتوانی کوردستان لە لایەك و دەولەمەندی ناوچەکە لە هەبوونی کەرستی خاو وکانزاکان لە لایەکی دیکەوە،بەرەوی زیاتری بە بوارەکەدابوو. هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم گوندەکانی کوردستان کەلٓ وپەلٓ وکەرستەی خۆمالیان بەکاردەهێنا لە لای پیشەگەرو وەستا دەست رەنگینەکانی گوند وشارەکان بە کردن دەدرا.

گەلێك لە بەرهەمە پیشەسازییەكان لە پێستەو دارو كانزاو زێر بەرهەم دەهات. دیارترین پیشە دەستیەكانی شار، بریتی بوون لە چەخماخسازیی وزیرینگەریی و دارتاشی وجۆلایی وئاسنگەری وبەرگدرووی وپێلاو درووی ودەباخچیتی. كوردەكان شارەزابوون لە لە دروستكردنی زین ونەخشی سەرمەزارو مشتۆی خەنجەر لەگەڵ دروسكردنی كاسەو كەوچك وقاپ و نەرگیلەو دروستكردنی چەك ودەمانچەوگوللەو لولە تۆپ، دروستكردنی عەرەبانەو سوپاو مەقالە وقوتوی جگەرەو گۆپاڵ وسەبەتەو سەوەشیر وقەرتالەو قەفەز.

جیمس برانت كە لە سییەكانی سەدەی 19 هاتۆتە كوردستان، دەڵێ تەنیا لە شاری وان لە باكوری كوردستان ( 500) گروپ هەبووە كاریان رستن وچنین وكوتاڵ بەرهەمهێنان لە لۆكە بووە، كارگەی دروستكردنی جل وبەرگ هەبووە بە ژمارەی زۆر، پیشەی تەون لە سەرانسەری كوردستان هەبوو، ئافرەتان دوای ئەوەی خوری مەڕ ی خۆیان دەرست، مافور وبەرو وفەرش كاڵای دیكەیان بەرهەم دەهێنا. لە بواری خۆراكیش دا، قاورمەو باسمەیان لە گۆشت وئیسقانی ئاژەڵ ئامادە دەكرد، ماسی یان خوێ دەكرد و گۆشتی بزن وگامێش ووشك دەكرایەوە، میوە كانیان وشك دەكردەوەو لە وەرزێكی دیكە بەكاریان دەهێنا، مێوز ومرەباو جۆرەها گوشراو گیراوەو شەرابەتیان بەرهەم دەهێنا، سەرەرایی ماست وپەنیرو ژاژی وكەرەو دۆ ...هتد.

دروستكردنی كاتژمێرو چرا بەرهەم هێنان بۆ رۆناكی، پشتی بە نەوتی رەش دەبەست،لە لقی دارخورما پارچەی گەورەیان لێ دەبری و دەیانچەقاند

بە ناو نەوت وپاشان دایان دەگیرساند، جوتیارەكان لەوەرزی زستان بۆ گەرم كردنەوەی ماڵەكانیشیان بەكاریان دەهێنا (نیبۆر)، ل(117)، هەروەها دروستكردنی سابون تەنانەت لە شاری سلیمانی گەرەكیك بە ناوی سابوون كەران هەبووە.

ئەولیا چلبی لە بارەی شاری بتلیس دەڵێ، بۆتە مەلبەندی هەموو جۆرە زانین وهونەرێك وزمان وقەڵەم لە ئاستی وێنەكیشانی ئەم سەرا گەورەو باخە بەهەشتەو گەرماوە بێ هاوتایەدا دەسەوەستانەو وەستاكانی ئێرە دەستیان داوەتە هەركارێك ناتەواویان تێدا نەهێشتووە، تەنانەت سولتان مورادی عوسمانی دەڵێ: ئەرێ چی دەبوو ئەگەر گەرماوێی وەكو ئێرە لە ئەستنبوڵی منیش هەبووایە.


سەرچاوەكان

- ئار.لیچ، رەوشی ئابوری وكۆمەلایەتی كوردی رەواندز، و. عەزیز گەردی، سلیمانی، 2005، چاپخانەی دەروون.
ئەولیا چلبی ، كورد لە مێژووی دراوسێكاندا.
- بدرخان سندی، كۆمەڵگای كوردی لە دیدی رۆژهەلاتناساندا.
- جیمس برانت، سەفەرنامەی مستەر جیمس برانت.
- جەلیلی جەلیلی، كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.
- مارتین ڤان برونسن، ئاغاو شێخ ودەولەت.
- . مینتیشا شفیلی ، كورد كورتەی پیوەندیی كۆمەلایەتی وئابوری ورۆشنبیری وگوزەران ، و. عیزەدین مستەفا رسول، موكریان، 2008.
- ژاك دمورگان، كوردستان لە لێكۆلینەوەكانی ژاك دمۆرگاندا، و. سعید خچری، 2012.
- چریكۆف، مسیۆ 2013، سیاحەتنامەی مسیۆ چریكۆف،و. سەلاح نساری. موكریان، هەولێر.
- نیبوور، گەشتی نیبوور بۆ عیراق لە سەدەی هەژدەدا، و. هەندرێن عەبدوڵلا ، موكریان،هەولێر،2013.
- ئینسكلۆپیدیای هەولێر، بەرگی6.
- جمال رشید، تاریخ الكرد القدیم. 1990.
- Horatio southgate, Narrative of a tour, New York, 1840.



## -سێگوشا بەرمودا:

**Roj A ME....**

**جهێ نەمانا فرۆكان و پاپۆران ل ناڤەندا زانست و دەزگەهێن فەرمی و سەربازی یێن وەڵاتاندا، دكەڤتە رۆژئاڤاییێ زەریا ئەتلەسی بەرەڤ كەنارێ رۆژهەلاتا وەڵاتێ ئێككرتییێ ئەمریكا، بتنێ (930كم)ان ژ كەنارێ باشوورێ رۆژهەلاتێ فلۆریدا دویرە و چ سنوورێن دیاركری بۆ جهێ بەرمودا نینن، بەلكی ل نەخشەیی ئاماژە ب سێگۆشەك دیاركری دایە، سەرێ سێگۆشێ ل دوورگا بەرمودایە و لایەك دی ژی ل رۆژئاڤاییێ بەرمودا درێژدبت، تا دگەهە كەنارێ رۆژهەلاتێ ئەمریكا ل باشورێ فلۆریدا، بنێ سێگۆشێ ژ باكوورێ فلۆریدا درێدبت و بەرەڤ (كوبا) و ل دیڤدا بەرەڤ (هایتی) و پاشی بۆ رۆژهەلاتێ پورتوریكۆ.**

**ئانكو ئەڤ سێگوشا بەرمودا نێزیكی (300) دوورگان بخوەڤە دگرت و بتنێ خەلك ل 20 ژ ئەوان دوورگان دژین و هژمارا ئەوان دگەهتە (65) هزار كەسان، بەلێ دوورگا بەرمودا بخوە  كۆلونیالیەك بریتانییە و گشت هژمارا خەلكێ وێ دبتە 80 هزار كەس و ب زمانێ ئنگلیزی دئاخڤن و پارێ ئەوان دۆلارێ ئەمریكییە و ئاینێ ئەوان مەسیحی پروتستانییە و بسەر كەنیسا ئنگلیزن.**

ناڤێ بەرمودا ل سالا 1960ێ هاتیە باس کرن، کو (**ڤینیست جاریس**) ئێکەم کەس بوو ئەڤ ناڤە لێنای، ئەوژی دەمێ ئێکەم جار بەرمودا سێ فرۆکە ب شێوێ سێگۆشەیی بۆ زەریایی ڕاکیشاین، ئانکو بەرمودا دکەفتە ناڤ دەریایەک ژ زەریایێن ئەتلەسی کو ب دەریایا (**سارجاسۆ**) یان دەریایا (**سەرگس**) نافلێکریە و کۆیێ ڕووبەرێ وێ 7700 کم2 و پتری یا ڕویدان وکارەساتان ل ئەوێ جهی نە.




کارەسات ئەوە کو هەتا نها حکۆمەتا ئەمریکا ئەڤ جهە ب قەدەغە و مەترسیدار نەدایە دیارکرن، چنکی یا سەیر ئەوە کو ئەو پاپۆڕە و فرۆکێن بۆ ئەڤێ دەریایی هاتین ڕاکێشان، بتنێ شوینوارێن ئەوان دەرکەفتینە.

هندەک ژ ئەڤان کارەساتان بۆ سەردەمێ (فینیقی و قرتاجییان) ڤەدگەڕن، ژبەری نوکە ئەو کاروانێن هاتن و چوون تێدا پیادە بووین، بووینە مژارێن ئەفسانەیی، بۆ ئەڤێ چەندێ ئەدمیرالەک قرتاجی ب ناڤێ (**هەلكمۆ**) ل سالا 500 ب.ز. سەبارەت ب دیاردێن سارجاسۆ دبێژت ".....ڕێژا هەوایی هند نەبهێزە تا پاپۆڕان بلڤینت.... بەلێ پێلێن ئەوێ هندە دزۆر و بەلاڤن کو ژ هەمی ڕەخان ڤە ل دەوروبەرێن پاپۆڕێ ددن، تا ئەوێ ڕادێ کو دبنە ئاستەنگ ل ڕێکێ و زیندەور و بوونەوەرێن سەیر و نامۆ یێن ل ناڤ ئاڤێ ل دەور و پشتی پاپۆڕێ دگەڕن".

پێلێن ئەوێ هندە دزۆر و بەلاڤن کو ژ هەمی ڕەخان ڤە ل دەوروبەرێن پاپۆڕێ ددن، تا ئەوێ ڕادێ کو دبنە ئاستەنگ ل ڕێکێ و زیندەور و بوونەوەرێن سەیر و نامۆ یێن ل ناڤ ئاڤێ ل دەور و پشتی پاپۆڕێ دگەڕن".

ڕاوچی و ماسیگر هەر ژ کەڤندا ژ ئەڤێ ناوچێ دویرکەفتینە و ب ناڤێ ناوچا نەفرەتلێکری و مەترسیدار ناڤکریە، (کۆلۆمبس) ل سالا 1492 د نامەیەکێدا نڤێسییە ((ل ئاڤا بەهامادا بتایبەتی ل دەریا سارجاسۆدا، پشتی دوو دەمژمێران ژ ڕۆژئاڤابوونێ، دیاردەیەک زۆر نامۆ و سەمەرگرتی من دیت، شەوقەک یان ڕۆناهییەک من د ناڤ ئاڤێدا دیت، تا ڕادیەکی ئاڤ ڕوون بوو و من پارچەیەکا مەزنا ئاگری دیت و کەفتە د ناڤ ئاڤا زەریاییدا، پاشی لبەر چاڤێن من نەما...و لڤینا بەلەمێن مە د ئەڤێ دەریاییدا سەرسۆڕهێنەرە و مرۆڤ تێناگەهت)).

دیاردا نەمان و بێسەرو شینا ل ڤێ زەریایێ ادا بوویە مەزنترین هەرەشە ل سەدێ رابردوویە و ڕەنگە داهاتووش بتن کو توشی مروڤان بهێت.

دیارنەمانا گەشتی وپاپوران:

ئەڤ دەریایە مەنگ و ئارام و خامۆشە، ژبەر ئەڤێ چەندێ ب ئارامگەها گۆڕستانێ ڤە دچت، ژبەر هندێ دبێژنێ دەریایا مری، ل بنێ ئەڤێ ئاڤێ گەلەک پاشماوێێن وەکی (گەشتی، پاپۆڕە، هەستی و ئێسکێن ئاژەل و مرۆڤان) تێدا هاتنە ڤەدیتن، کو بۆ سەردەمێن جودا جودا دزڤرن و هندەک ژبەر



ئەڤێ چەندێ ب (گۆڕستانا تەتلەسی) ب ناڤدکن، ژ هەمی جهێن بەرمودا ئەڤ جهە مەترسیدارترین جهە بۆ قوربانی و کارەساتان دیسان برەك زێدە زێر و زیف وکەرستێن پر بها لبنێ ئاڤێ دەریایێ دا هەنە کۆ ب ملیونەها دۆلارا فروتنا وان تێدپەرینت.

بەلێ تشتەك نامۆ یە کو هندەك گەشتی و پاپۆڕە ل ئاڤا دەریایێن دی هندابووینە و ل دەریا سارجاسۆ ل بەرمودا پاشماوێن ئەوان هاتینە دیتن!!! بۆ میناك وەکی گەشتیا (ماری سیلیستی)



ئێك ژ ساخلەت و تایبەتمەندییێن ئەڤێ دەریایێ ئەوە کو هندەك بوونەوەرێن سەیر و سەمەر تێدا هاتینە دیتن، کو جهێ پرسێ و مەندەهۆشییێیە، ژ ئەوان بوونەوەرێن مەزن، وەکی دەینەسوورێن ئاڤی، ئەڤ جۆرە نوکە نەمانە، بەلێ هندەك ژ ئەوان پاشماوە و ئیسکێن وان بوونەوەران هاتینە دیتن، کو درێژاهییا هەر ئێك ژ ئەوان 30 م و ل سالا 1917ێ ل نێزیك ویلایەتا ماستشۆستیس یا بسەر ئەمریکان ڤە مارەك زێدە مەزن هاتە دیتن، کو مێژوویا ژیانا ئەوی بۆ هزاران سالان ب.ز ڤەدگەرت.

دیسا زنجیرە چیایێن لەتکە پان و مەزن د بنێ ئەڤێ دەریاییێدا هەنە و زانیار ددن ئاشکراکرن کو شارستانییەت ل ئەڤان جهان هەبوونە و ل دوماهیکێ ب هەر هۆکارەکێ سروشتی و بووربنا دەمی بت، ئەڤ چیایە بنئاڤ بووینە. رووداوا ڤەگوهاستنا مارماسیان ژ جۆرێ (ئەنگلیس) ژ رووبارێن ئاڤە شین و تەنگێت ئەوروپا و ئەمەریکا بەرەڤ ئاڤا سوێر و کویراتییا ئاڤا ئەتلەسی و پاشی بۆ دەریایا سارجاسۆ بوویە بابەتەك مەندەهۆش د ناڤ وانەیاندا، ئەو ژی کا چەوان ؟ و ب چ شێوە؟ ئەڤان مارماسیان ئەڤ رێکا دوير و درێژ گرتیەبەر و برێڤە سەدان مارماسی ژناڤچووینە تا گەهشتینە دەریایا سارجاسۆ.



## نەمانا گەشتی و پاپۆڕان:

پتریا ئەوان گەشتی و پاپۆڕان یێن کو بەرزەبووین، کەسێن بسپور و شارەزا بوون و پاپۆڕێن ئەوان ژی ئەو جۆرە بوون کۆ ب هیچ رەنگەکی بنئاڤ نەدبوون و موکم و برێکوپێك هاتبوونە دروست کرن و چوونا ئەڤان پاپۆڕان بۆ ئەڤێ دەریایێ ژی، ل دەمەکی بوو کو هیچ شەپۆلێن بهێز یێن هەوایی و پێلێن مەزنێن دەریایی نەبوون، بەلکی سەقا ئارام و ئاڤ مەنگ بوو، بەلێ هەر دیسا هندەك رویدانێن نامۆ ب سەردا هاتینە، کو ب هیچ رەنگەکی مرۆڤ نەشێت تێبگەهتن ئەو ژی ل دەما پاپۆڕەك بنئاڤ دبت، بتنێ سەرنشین تێدا نامینن، ئانکو دەمێ دەردکەفتن، هەمی کەلوپەلێن خوە پاراستنێ، وەکی (بەلەمێن بچویك ، کەلوپەلێن تاکەکەسی، پارە، زێڕ، کەرستێن گرانبەها، چاکێتێن خوەرزگارکرنێ ، خوارن و ڤەخوارن) کو هەمی ل جهێ خوە مابوون بێکو هیچ گوهورینەك بسەردا بهێت!!!. ژ ئەوان پاپۆڕان بۆ نموونە: سەرگەشتیا (کارۆلٚ دیرنج) ل سالا 1921ێ ل دەمێ بنئاڤ بووی، سەرنشین ل ئەڤێ گەشتییێ نەمان، بتنێ دوو پشیك. دیسان د سەرگەشتیا (رۆبیکۆن)دا بتنێ سە ما ساخ و مرۆڤ نەمان تێدا. هەروەسا





پاپۆڕا (سی بێرد) ل سالا 1850ێ تۆشی ئەڤێ ڕویدانا سەیر بوو. پاپۆڕا ئەمریکی ل سالا 1881ێ د گەشتا خوەدا بۆ بەرمودا، پاپۆڕەیەك بجهێلایی دبینن، ل دەمێ نێزیکی ئەوێ پاپۆڕێ دبن، داکو بچن ئاشکرابکن، کا چ تێدایە و چ بسەرێ بێسەر و شینا هاتیە؟.

هەر ل ئەوی دەمی ئێکسەر کابتنێ پاپۆڕێ فەرمان دا کارکەرێن خوە، کو ب بەلەمێن بچویك بچن ل ئەوێ پاپۆڕێ بنێرن، داکو بۆ ئەوان ببت دەستکەفتییەك دیرۆکی. دەمێ کارکەر ب بەلەمێن بچویك گەهشتین نێزیکی پاپۆڕا بێ سەرنشین، داکو ئەوێ گەشتیێ لگەل گەشتیا خوە بگرێدن و بکێشن ژنشکەکێ ڤە گەردەلولەك بهێز و با و تۆفانەك بهێز دەستپێکر، هەتا هەردوو گەشتی ژ هەڤ دوورکرین و ب ئەڤی ڕەنگی گەشتییا بێ سەر و شوین جارەکا دی بنئاڤ بوو و بەرزە بوو، لێ پشتی دوو ڕۆژان ئەو گەشتی دەردکەڤتەڤە، بەلێ ئەڤێ جارێ دیتن و ڕاوەستان بۆ کابتنێ پاپۆڕا ئەمریکی بەس نەبوو، لەوڕا فەرمان دا ب ئێکجاری نێزیکی ئەڤێ پاپۆڕێ ببن و ڕابکێشن، بەلێ دیسافە گەردەلولەك و بایێ بهێز دەستپێکر و ئەڤێ جارێ هەر دوو گەشتی بنئاڤ بوون.

**بەرزەبوونا فڕۆکان:**

زانا ل سەر دوو بۆچوونێن جودا دەربارەی ئەوێ هێزێ یا کو (پاپۆڕە و فڕۆکان) ڕادکێشت، ڕێککەفتنە، هندەك ب هۆکار و ئەگەرێن سروشتی ددن دیارکرن و هندەك ژی ب ئەگەرێن نە سروشتی و وەسا ددن دیارکرن کو ل بەرمودا هێزەك نە سروشتی هەیە وجهێ بونەوەرێن ئاسمانی نە.






هەلبەت گەلەك دیارده و ڕویدانێن دیارنەمانا فرۆکان ل ئاسمانێ بەرمودا ڕویداینە، بەلێ ژ ئەوان میناکێن سەرسۆرهێنەر وەکی ل ڕێکەفتی (1945/12/05)ێ ل دەمژێر 02:00 نیفرۆ فرۆکێن بۆمبەهاڤێژ زجۆرێ (سربی19) دهاتن ناسکرن، د ئەرکێ مەشقپێکرنا ڕۆژانەدا بوون، کو ژ پێنج فرۆکەیان پێکدهاتن و هەر فرۆکەیەکێ ئەفسەرەك و دوو هاریکار تێدا بوون و ئەڤ گەشتە ل ژێر چاڤدێرییا (چارلز تیلەری) بوو، چاردە کەس د ئەڤێ گەشتێدا پشکداربووون، بەلێ پشتی دەمژمێر بووی 02:45 دەقیقە، بورج و بنگەهێ فرۆکەڤانان چاڤەرێی دەنگوباسێن ئەڤان گەشتێن ئاسمانی بوو، ددەمەکیدا ئاماژە ب پێشهاتا ڕویدانەکێ هاتە کرن کو کێشەیەك دروست بوویە، کو هەوار و دەنگێ ئەوان گەهشتە بنگەهی و دگۆت: (ئەم د حالەتەك نەئاساییداینە و هۆسا دیاردبت کۆ ئەم یێ ژدەرڤەی هێلا دیارکری دفرین، نەشێم ئەردی ببینم....نەشێم ئەردی ببینم....نەشێم جهێ خوە ببینم، بتنێ نزانم ئەم ل کیڤە دفرین، وەسا دزانم کو ئەم ل بۆشاهییێ بەرزە بووین، نزانم ڕۆژئاڤا دکەڤتە کیڤە و هەرتشت سەیر و ئالۆزە و نەشێم هیچ ئاراستەیەکێ دیاربکەم و زەریا ژی لبەر چاڤێ من نامۆیە و نەشێم چ تشتێدیاربکەم. هەمی دەزگەهێن د ناڤ فرۆکێدا یێن شێت بووین و هەر یەك ب جۆرەکی دزڤرت و ژ ئێکودوو جودابووینە، وەسا دهێتە دیارکرن کو ئەم دێ د فرینێدا هەر بەردەوام بین... و هۆسا دیاردبت کو ئەم یێ ل سەر دەریایەك سپیدا دفرین و ب تەمامی بەرزە بووین....، بەلێ بەرزە بووین). بنگەهی تیمەك بەرفرەه بۆ لێگەرهان و دویچچوونێ پێکئینا، بەلێ بورجی نالەبارییا سەقایی ڕاگەهاند، کو دەریا ب عەور و بایەك (6) هزار پیفەر و بهێز لگەل پێلێن مەزنێن دەریایی دا دیارکرن، لەورا بێ سودە ئەگەر ل دویڤدا بچن.



–هەر تەنەك ل بوشاهییا ئاسمانی بهێتە دیتن و نەهێتە ناسکرن، ئەوە ب Unidentinfied Fied Flying Objects دهێتە ناسکرن، ئانکو تەنێن فرینێ ب کورتکرنا U .F.O ؛

د ئەڤان سالێن دوماهیکێدا چەند وەلاتان ب تەمامی و ب فەرمی دانپێدان ب هەبوونا تەنێن فری دا .



ل ئەمریکا هەتا نێزیکی (15) ملیون کەسان ئەڤ تەنێن فڕی دیتینە و ژ ئەوان هژمارا زۆر یا مرۆڤان، کەسێن خودان باوەرنامێن بلند و بسپور ژی د ناڤدابوون، تاکو ل دەزگەهێن فەرمی ل دەنگێ ئەمریکا پرسیار ژ (ئەنیشتاینی) هاتە کرن و گۆتیێ: ئەرێ ڕاستە تەنێن فڕی هەنە؟ ... د بەرسڤێدا گۆت: بەلێ ڕاستە هەبوونا ئەوان یا هەی.

بۆچوونێن هندەك زانایان و گەردوونناسان دەربارەی تەنێن فڕی:

گەردوونناس (د.م.جیسۆب) و زاناو شەهرەزایێ بسپور(چۆن سپینسرە) کو شەهرەزایەکێ بۆشاهیيا ئاسمانییە، جەختێ ل سەر هەبوونا تەنێن فڕی ل دەریایا د ناڤبەرا فلوریدا و دوورگا باهامادا دکت و ددتە دیارکرن کو ناوچا بەرمودا جهەکێ سەیر و سەمەرە و بوونەوەرێن ئاسمانی گەلەك لێ هەنە و هەر ئەڤ یەکە دبتە ئەگەرێ کێشان و ڕاکێشانێ .

نهێنیەکانی سێگۆژەی بەرمودا،د.جەزا توفیق تالب وئەحمەد علی ئەحمەد،چاپی (چوار چرا)،2013.



# Political

## دیفچون :"خاتون هەیبەت"

مروڤ بوونەوەرەکێ کومەلایەتییە وهەر بئەڤێ چەندێ کاروانێ مروڤاینیێ دەستپێکر بکومبوونێ تا ئاکنجیبوونا مروڤی لدەشتان ودگەل پیشەی و چاندنێ...

ئەڤەژی بدەستپێکا شارستانیەتێ دهێتە هژماردان چونکو کومبوونا تاکان لجهەکێ دیارکری بۆ ئەگەر کۆ جورە رێکخستنەك پەیدابیت دناڤبەرا تاکاندا لدەمێ ئەنجامدانا چالاکیێن رۆژانە ، ئەڤ جورە رێکخستنە ساز بوو وەکو ئامرازەکێ پێویست بۆ ئاسانکرنا چالاکیێن تاکی و بەردەوامیا جڤاکی بپێشکەڤتنا وێ ببورینا دەمی (شارستانیەتێن بێ وێنە ئافەرین).

بئەڤێ یەکێ چەندەها رێکخستن پەیدابوون لجڤاکێ مروڤیدا (لدویف پێدڤیا هەر قوناغەکێ) دپرانیا بوارانْدا بۆ رێکخستنا پەیوەندی وکارێن تاکی دگەل خێزانێ وجڤاکی و دەوروبەری ، ببورینا دەمی ئەڤ رێکخستنێن دەستپێکێ گەشەسەند وپێشکەڤت لدویف پێدڤیاتێن مروڤی تانها هەر یەك زانستەکە دگەل تا و ریشالێن خوە کومبوویە هوسا ببورینا دەمی هاوکێشە ئالوز و ئالوزتر دبت.

ئێك ژئەڤان جورە رێکخستنا (سیاسەتە) ە ، ئەگەر چی سیاسەت وەکو زاراڤ و زانستەکێ سەربەخوە و نووە بەلێ وەکو رەفتار هەر ژکەڤندا هەبوویە لێ بشێوەیەکی دەستپێکی.

ژێدەرێ پەیڤا سیاسەتێ–politique وپەیڤا politics یا ئنگلیزی و politique یا فرەنسی و ژ یا polis یا ئەغریقی هاتیە وەرگرتن ئانکو براماناا (دەولەت یان دەولەتا باژێری دهێت)[1] .

دیسان د(مەوسوعەیا جودی)[2] دا لێ هاتیە زێدەکرن کۆ وشەیا politique یافەرنسی هاتیە وەرگرتن ژ ئەغریقی و یونانان ژ دوو پەیڤێن لێکدایی پێکهاتینە ئەوژی polis –شار یان ژی قەلای شار و tehem – رێڤەبرن کەواتە پێکڤە براماں "رێڤەبرنا باژێری" دهێتن.

پەیڤا (سیاسەت) (دزمانێ عەرەبیێ دا دزڤرت بۆ چاوگێ (ساس)[3] ،دیروکا وێ یاکەڤنارژی دهوزانێن واندا هاتنە بکارهاتن ژلایێ "ابو ملکیە جرول العبسی" ئەوێ ناسکری ب "الحطیئة")[4]. بڤی رەنگی ئەڤ ناڤە دگەل کاودانێن جڤاکی واتە و رامانا وێ هاتیە گوهورین بەلێ پتریا دەمان هاتیە بکارهاتن (دەسهەلات- رێڤەبرن- سەرکردایەتی)دگەل چەندین رامانێن دن .

**پێناسەیا سیاسەتێ**: پێناسەکرنا سیاسەتێ نەکارەکێ ئاسانە چونکو زانستەك بەرفرەهە و پەیوەندییەك بهێز و بەرفرەهـ دگەل گەلەك زانستان هەیە وەکو/ مێژوو -جوگرافی –رەوشت –دبلوماسی –کومەلایەتی –دەرونزانی –ئابوری و یاسا ..ئەڤێ چەندێ ژی وەکرییە کۆ هەر زانایەك بروانگەهەك جودا ژ روانگەهێ پسوریا خوە پێناسەبکت.

هندەك پێناسە بۆ سیاسەتێ:

فەرهەنگا (سیاسی)[6] ...سیاسەت هونەرێ بڕڤەبرنا دەسهەلاتێ یە.

فەرهەنگا (ئوکسفوردا ئنگلیزی-فەلسەفەیا سوفیەتی-سیاسیا ئەمەریکی)[7] ژناڤەڕوکا پێناسەیا ئەڤان فەرهەنگان بۆ سیاسەتێ دیاردبت کۆ (سیاسەت زانستێ وەلاتی یە وکارێ وێ ڕێڤەبرن و ڕێکخستن و ئاراستەکرنا کارێن وەلاتی یە لناڤخۆە و ژدەرڤە).

(مقدمة انثروثولوجيا الاجتماعی)[8]؛ (سیاسەت بەرنامێ دەستهەلاتێ یە بۆ بەرگریکرنێ ژ کومەلگەهێ).

(ژێدەرێن ئیسلامی)[9] هاتیە: (سیاسەت ئەوە یاکو بارێ ژیانا خەلکێ باشتربکت یان چ کریارەکا کۆ خەلکێ پالبدت بەرەڤ چاکیێ دژی خرابیێ دبێژنێ سیاسەت).

جەوهەرێ پێناسەیا میکافیلی بۆ سیاسەتێ دیاردبت کۆ (سیاسەت هونەرێ گەهشتن و مانێیە لدەستهەلاتێ)[10].

هەروسان دهێتە گوتن کۆ سیاسەت هونەرێ بسەردابرنا خەلکێیە بۆ گەهشتن بئارمانجێن خوە ،دویر ژ ئەڤان هەموو پێناسەیان ئەرێ ما سەرەدەریکرنا مروڤی ئەوا کۆ دەستپێدکت ژئاراستەکرنا هزرو بیرێن خۆە تا چەوانیا سەرەدەریکرنێ دگەل هەموو کەس و روودان و بارودوخێن ژیانی ئەوێن گرێدای بژیانا تاکی یا تایبەت ئەوژی جورە سیاسەتەکە کۆ مروڤ بکاردئینت؟.

(داکو مروڤ خوە ڕزکاربکت-سەرکەفتن-بەردەوام بت) وبازنەیا ئەڤێ سیاسەتێ بەرفرەه دبت تا دگەهتە وەلاتبوون و دەستهەلاتێ. تاکەکسی ژی ئەڤ جورە سیاسەتە وەرگرتیە ژ ئەزمون و سەربورێن خوە یان زور جاران ژی هندەك هوکارێن ژیاری و نەهەستی لپشت جورێن سەرەدەریکرنا سیاسەتا مروڤی هەیە ودپرانیا جاراندە مە چ پێناسە بۆ نینن.

ئەڤە هندەك پێناسەیێن زانستی بوون دەربارەی سیاسەتێ ، ئەرێ ئەم وەکو ئەندامێن جڤاکێ پێناسەیا مە بۆ سیاسەتێ چیە؟ و ئەم چەوان بسیاسەتێ دگەهن؟ هەلبەت ڕەنگڤەدانا هزر و ڕادێ تێگەهشتیان درەنگڤەدانا وێنەیێ سیاسەتێ دا بەرپایە ، لایەنێ بەرێخوەدانا وی/وێ بۆ سیاسەتێ دیاردکت کۆ یان ئەرینی یە یان نەرێنی یە وەکی پرانیا جڤاکی و جورە بێزارییەکا مەزن پێڤە دیارە تا وی رادەی پێناسا سیاسەتێ دجڤاکیدا بۆ هەموو فند و فێلە و هەڤرکی و درەوە....

ئەرێ ما پروسێسا سیاسەتێ نە هەمی جڤاك تێدا پشکدارە؟ یان ژی بازارێ بەرژەوەندییان ژ ئیرادەیا گەلی و دلسوزییا مللەتی و هشیارییا تاکی گەرم وگورترە!!!.

بەلێ بێگومان دپروسەیا سیاسیدا هەمی جڤاك پشکدارە چ باش چ خراب تا پشکداری نەکرن ژی جورە پشکدارییەکە ژ شێوەیەکێ دی یا سیاسەتێ ، دادپەروەرییا سیاسی بئیرادەیا گەلی و دلسوزییا مللەتی وهشیارییا تاکی دهێتە بەرپاکرن ، لوەلاتیێ ژ نمونێن دیارێن ئەڤان مللەتانن کۆ مللەتێ ئەمەریکی یە خودان ئیرادە وئێککرتن دگەل دانانا تاکێ باش بۆ جهێ باش (لدەمێ جەنگان سەرکردێن وان شەرڤانەکێ بهێز لێ لدەمێ ئاشتیێ سیاسیەکێ شارەزا).

ژێدەر..

